# ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی وەک ئامرازێک بۆ نەهێشتنی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان

**پ.ی.د. یوسف مستەفا ڕەسول [1] سیامند حسن محمد علی[2]**

[1]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، کوردستان، عیراق

[2]سیامند حسن محمد علی، بەشی یاسا، فاکەڵتی یاساو زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی وەک ئامرازێک بۆ نەهێشتنی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان) توێژینەوەیەکە لە جۆریتوێژینەوەی وەسفی یان هەمان میتۆدی باسکردنDescriptive Research) )، کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، بە مەبەستی پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەیەکی ورد و دروست لەسەر بابەتی هۆکارەکان و شێوازە جیاوازەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران و هەروەها باسکردنی ڕێزپەرەکانی بەردەم پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی و بەدیارخستنی هەڵوێستی یاسادانەری عێراق لە بەرامبەر پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مانا و چەمکی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی و هەروەها شرۆڤەکردنی مەرجەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپە لەلایەن وڵاتانی جیهان. هەوڵێکی ئەکادیمیە بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی مامەڵەکردن و کارکردنی حکومەتی عێراق بە پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی.

پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی بە یەکێک لەگرنگترین بنەما بنەڕەتیەکان دادەنرێت لەبواری ڕووبەڕوبوونەوەی تاوانەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان و دەستگیرکردنی تاوانبارەکانی هەڵاتوو لەدەست یاسا لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی دەستگیرکردنیان و گەیاندنیان بە سزای یاسایی گونجاو.چونکە زۆرن ئەو تاوانبارانەی کە دوای ئەنجامدانی تاوان لەوڵاتانی ترەوە خۆیان حەشاردەدەن.

کلیلە وشەکان: بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان ، ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی ، تاوانەکانی سیاسی و تاوانەکانی سەربازی ، پارێزبەندی دیپلۆماسی و پارێزبەندی سەرۆکی وڵاتان .

مجلّة پۆلیتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية

المجلد 4 ، العدد 1 (2023)

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 26 حزيران 2023

حقوق الطبع والنشر © 2023 سیامند، د. یوسف. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پێشەکی

ئەنجامدانی تاوان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەژیانی مرۆڤایەتی کە یەکەمجار لەکوژرانی هابیل لەلایەن قابیلی براکەیەوە دەستی پێکرد و تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. بە زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووانی جیهان و ڕوودانی گوڕانکارییە خێراکان لەسیستەمی ژیانی مرۆڤایەتی، جۆر و ژمارەی تاوانەکان و شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. بە ئامانجی بەردەوامبوونی ژیانی ئاسایی و دوور لە توندوتیژی و گێڕانەوەی سەقامگیری و باری ئاسایی و ئاسایش و نەفەوتانی مافی تاوانلێکراوەکان، پێویستی بەوە کرا کە کەسانی تاوانبار لەکۆمەڵگا دووربخرێنەوە و بەند بکرێن و سزای یاسایی خۆیان وەربگرن.

بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئاسانبوونەوەی هاتووچۆی نێوان سنوورەکانی ئاوی و ئاسمانی و وشکانی نێوان وڵاتان، ئەنجامدانی تاوان و هەڵاتنی تاوانباران لەدوای ئەنجامدانی تاوانەکانیان بۆ وڵاتێکی دیکە ئاسانتر بووە. بەڵام ناکرێت ئەمە ببێتە هۆکار وبیانوو بۆ سزا نەدانی تاوانباران. بۆ بەسزا گەیاندنی تاوانباران بە شێوەی یاسایی لەدوای هەڵاتنیان بو وڵاتانی تر، دادگاکان ڕووبەڕووی گیروگرفت بوونەوە چونکە تاوانبار لەسنووری جوگرافیایی وڵاتەکەیدا نەماوە و لەوڵاتیکی ترەوە نێشتەجێ بووە کە خاوەن سەروەری و سنووری جوگرافیایی خۆیەتی و هەر وڵاتیک خاوەن یاسا و دادگاکانی خۆیەتی و هیچ وڵاتیک ناتوانێت سنووری جوگرافیایی وڵاتێکی تر بە بیانووی دەستگیرکردنی تاوانباران ببەزێنیت و لەلایەکی ترەوە ناکرێت بە بیانووی هەڵاتنی تاوانبار دەست لەسزادانی هەلبگیرێت و سزا نەدرێت (مبارك 2006، 24).

بۆ جێگیربوونی ئاسایشی نێوخۆیی وڵاتان و سەروەر بوونی یاسا و نەمانی مەترسی تاوانباران بۆ سەر کۆمەلگا، ئەم پێویستیە هاتە کایەوە کە جۆریک لە هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان وڵاتان دروست بێت و هەندی پەیماننامە لە نێوانیاندا واژوو بکرێت (امراللە 2008، 231). پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بە ڕێکارێکی یاسایی لە چوارچێوەی هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت کە بۆ مەبەستی نەهێشتنی تاوان لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لەنێوان دوو دەوڵەت و یان زیاتر واژوو دەکرێت و وڵاتی یەکەم کە بە وڵاتی داواکار دادەنرێت هەولی وەرگرتنەوەی تاوانبارێک دەدات بە مەبەستی دادگاییکردنی و یان سەپاندنی ئەو سزا یاساییە کە لەدژی دەرچووە، وڵاتی دووەمیش کە بە وڵاتی داوالێکراو ناوزەد دەکرێت ئەو وڵاتەیە کە تاوانباری داواکراو لەسنووری جوگرافیایی ئەوەدا دەژیت و یان خۆی حەشارداوە. وڵاتی دووەم بەهۆی دەسەڵاتە دادگەری و ئەمنییەکانی هەڵدەستێت بە دەستگیرکردنی تاوانبارەکە وەکو سەرەتایەک بۆ ڕادەستکردنەوەی بە وڵاتی یەکەم یان هەمان وڵاتی داواکار. بابەتی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لەڕووی مێژووییەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەڕێتەوە کە یەکەمجار لە شارستانیەتی میسری کۆن و 1269 ساڵ پێش لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح سەریهەڵداوە کە ئەوکات ئەم بابەتە لە ڕێکەوتننامەیەکی دوو لایەنەی 18 خاڵی باسی لێوەکراوە کە سێ لەو خاڵانە پەیوەندی بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بووە. ئەم ڕێکەوتنە لەنێوان رامسیسی دەەوم کە فیرعەونی ئەوکاتی میسر بوو لەگەڵ سیلی سێیەم کە پاشای هیتیەکان بوو واژووی لەسەر کراوە. دوای ئەویش لەسەردەمی ئیمپراتوریەکانی ئیغریغیەکان و یونانیەکانیش بە شێوازی جیاواز ئەم پرەنسیپە بە کار هاتووە (زحاف ٢٠١١/٢/٢٠١٢،٢). لەسەردەمی نوێ، یەکەمین پەیماننامەی تایبەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لەڕووی نێودەوڵەتیەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ بەستراوە کە دەوڵەتان بۆ هاوکاریکردنی یەکتری هەڵسان بە بەستنی پەیماننامەکان بۆمەبەستی ڕوبەڕوبوونەوەی تاوانەکان و دەستگیر کردنی تاوانباران، و هەروەها هەڵسان بە جیاکردنەوەی تاوانەکانی ئاسایی و تاوانەکانی سیاسی لەیەکتری و بە شێوازی جیا پەیماننامەیان لەنێوان خۆیاندا واژوو کرد (امراللە 2008، ٢٣١).

یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی هاوکاری نێوان وڵاتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە مەترسیدارەکان بریتیەلە هاوکاری لەبواری دادگەری نێودەوڵەتی، کە بۆ مەبەستی بەسزا گەیاندنی تاوانباران لەهەندی تاوانی دیاریکراودا هەڵدەستێن بە گواستنەوەی تاوانبار لەوڵاتیک بۆ وڵاتیکی دیکە بۆ مەبەستی دادگاییکردنی (قشقوش 2006، 85). بە مەبەستی ڕێگریکردن لەهەڵاتنی تاوانباران بیرۆکەی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران هاتووەتە کایەوە کە تیادا دەوڵەتیک هەڵدەستیت بە دەستگیرکردنی تاوانبارێکی داواکراو و دواتر ڕادەستکردنەوەی بەو دەوڵەتە کە تاوانەکەی تیادا ئەنجامداوە بۆمەبەستی دادگاییکردنی، بەو مەرجە کە ڕێکەوتننامەی دووقۆڵی و یان هەرێمی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەبێت و یان دەبێ بۆ ئەم کارە پشت بە ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی ببەستن (العاقل 2010، 639). شایانی باسە پرۆسەی ڕادەستکردنەوە بە شێوەی رەها نیە و بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە پێویستیمان بە هەندێ مەرج هەیە و کۆمەڵێک ڕێزپەر و پارێزبەندی لەسەر ئەم پرەنسیپە هەیە و هەموو تاك و تاوانێك ناگرێتەوە کە لەبەشەکانی تر باسی لێوە دەکەین.

یەکێک لەو تاوانە هەرە گەورە و مەترسیدارانە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان کۆکن لەسەر بە گژداچوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی بریتیەلە تاوانی بازرگانی کردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلی و دەرونییەکان. لەسەرەتای سەدەی نوزدەیەم واتە لەساڵی 1909 یەکەمین دانیشتنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە شانگهای سازکرا و هەرچەندە هیچ بڕیارێکی پابەندکەر لەو دانیشتنەدا دەرنەچوو، بەڵام ئەمە بووە بە بەردی بناغەیەک بۆ درووست بوونی دیالۆگی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و بووە هۆکارێک کە چەندین کۆنگرە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە نەهێشتنی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان ببەسترێن (رضوان 2016، 356، 358).

لە ڕێکەوتننامەی جنیڤ کە لەساڵی 1936 بۆ نەهێشتنی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان سازکرا بۆ یەکەمجار و بە شێوەیەکی سەردەمیانە باس لەپرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی کرا بۆ ئەو تاوانبارانە کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی تاوانەکانی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان و خۆ حەشاردانەوەیان لە وڵاتێکی ترەوە (اسماعیل 2016، 132). بە مەبەستی نەهێشتنی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان سێ ڕێکەوتننامەی سەرەکی و جیهانی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەساڵەکانی 1961 و 1971 و 1988 بەستراون، لە سێیەمینیان لەژێر ناونیشانی ڕێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکانی ساڵی 1988 لە ماددەی شەشەم زۆر بە ڕوونی و بە وردی لە دوازدە خاڵدا باسی پرەنسیپ و ڕێکارەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی دەکات کە تێوەگلاون بە ئەنجامدانی تاوانەکانی پەیوەست بە

مادده هۆشبەرەکان (اتفاقية الأمم المتحدة ١٩٨٨، مادده 6).

بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە :

1.کێشەی توێژینەوە:

هەروەکو پێشتریش باسمان کرد، ڕادەستکردنی تاوانبارانی نێودەوڵەتی بە پێی ڕێکەوتنی نێوان دوو وڵاتە کە تاوانبارێک بە هۆی ئەنجامدانی تاوان لەوڵاتی یەکەمەوە و هەڵاتنی بۆ وڵاتی دووەمەوە هەوڵی خۆدەربازکردن دەدات لەسزا یاساییەکانەوە و بە هۆی بوونی ڕێکەوتنی نێوان ئەم دوو وڵاتە ، تاوانبار لەلایەن وڵاتی دووەمەوە دەستگیر دەکرێت و ڕادەستی وڵاتی یەکەم دەکرێتەوە. بەڵام هەندێ جار وڵاتان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپە ڕووبەڕووی هەندێ کێشە و گرفت دەبنەوە بە تایبەتی کێشەی ڕەگەزنامەی کەسی تاوانبار، ئەم کێشەیەش کاتێک دێتە ئاراوە کە کەسی داواکراو هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتی یەکەم یان هەمان وڵاتی داواکار نیە بۆیە وڵاتان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی تاوانبارەکە ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە. هەروەها گرفتی تریش لەو کاتە دێتە ئاراوە کە کەسانی داواکراو بە هۆی ئەنجامدانی تاوانی سیاسی داواکراون و بۆ دەستگیرکردنیان تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکانی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکانەوە و یان تاوانی ترەوە دەخرێتە پاڵیان و داوا دەکرێن .

2.پرسیارەکانی توێژینەوە:

توێژەر کۆمەڵێك پرسیار دەورژێنێت بۆ ئەوەی لە توێژینەوەکەیدا بتوانێت وەڵامیان بداتەوە، گرنگترین پرسیارەکانیش ئەمانەن:

١ــ مانا و چەمکی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی چیە؟

٢ــ مەرجەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی کامەن؟

٣ــ لەکاتی ڕوودانی گرفتی ڕەگەزنامەی تاوانباری داواکراو، بە چ شێوە مامەڵەی لەگەڵ تاوانبارەکە دەکرێت؟

٤ــ پەیوەندی نێوان مادده هۆشبەرەکان و پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارە نێدەوڵەتیەکان لە چیدایە؟

٥ــ ئایا لەڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەی ڕەها باس لەم پرەنسیپە کراوە و گشت تاوانێک دەگرێتەوە و یان هەندێ تاوان وەک ڕێزپەر لەچوارچێوەی ئەم پرەنسیپە بەدەر کراون؟

3.ئامانجەکانی توێژینەوە:

دەتوانین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

١ــ ڕوونکردنەوەی مانا و چەمکی مادده هۆشبەرەکان و پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی.

٢ــ باسکردنی مەرجە سەرەکیەکان کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران پێویستین.

٣ــ خستنەڕووی جیاوازیەکانی تاوانی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان لە گەڵ تاوانەکانی سیاسی و سەربازی.

٤ــ دەرخستنی هۆکارەکانی ڕێزپەر بوون و بەدەر بوونی هەندێ تاوان لەچوارچێوەی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی.

4.گرنگی توێژینەوە :

١ــ لایەنی ڕەسەنایەتی: گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە ڕەسەنایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، چۆنکە ژمارەی بڵاوکراوەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی کە تاوانبارن بە بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان زۆر کەمن.

٢ــ گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شیکردنەوەی جیاوازیەکان لەنێوان هەردوو تاوانی سیاسی و سەربازی لەگەڵ تاوانی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان لە ڕوانگەی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی.

٣ــ لایەنی زانستی: ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پسپۆڕی یاسای گشتی. چۆنکە ناونیشانی توێژینەوەکە لەلایەک پەیوەستە بە یاسای سزادان و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی لەدیاریکردنی ماددەی یاسایی گونجاو بۆ سزادانی تاوانباران و هەروەها چۆنیەتی مامەڵە کردنی یاسادانەری نێوخۆیی لەگەڵ پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران و لەلایەکی ترەوە ئەم ناونیشانە پەیوەستە بە یاسای گشتی بە هۆی بوونی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان لەنێوان وڵاتانی جیهان.

٤ــ لایەنی پەیوەنداری: ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پسپۆڕی سزایی نێودەوڵەتی. لەبەر ئەوەی لەلایەک پەیوەندیدارە بە یاسای سزادانەوە بۆ بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی تێوەگلاو بە بازرگانیکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیدارە بە یاسای نێودەوڵەتی گشتی لەچوارچێوەی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانە کە لەنێوان وڵاتاندا واژوو دەکرێت.

5.چەمکەکانی توێژینەوە:

لێرەدا زۆر بە کورتی باسی ووشە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکەین :

١ــ بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان : هەر کاتێک کەسێک بەشداری لە هەرجۆرە کارۆباری مامەڵەکردن بە مادده هۆشبەرەکان و یان کارتێکارە عەقلیەکان بکات بۆ قازانجی خۆی و یان بۆ قازانجی کەسێکی دیکەوە و ئەم مامەڵەکردنە بیکات بە پیشەی بەردەوامی خۆی و بەردەوامی پێ بدات و یان کەسێکی تر هان بدات تا لەجیاتی ئەو بەم مامەڵەیە هەڵسێت و ئاگاداری نایاسایی بوونی ئەم جۆرە مامەڵە کردنە بێت، بە بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان دادەنرێت (حمید 2013، ٣٧).

2ـ ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی : ڕێکارێکی یاساییە لەنێوان دوو دەوڵەتی داواکار و داوالێکراو، کە تیادا بە گوێرەی پەیماننامەی واژووکراو لەلایەن هەردوو لایەنەوە، وڵاتی داوالێکراو هەڵدەستێت بە دەستگیرکردنی تاوانباری داواکراو و ڕادەستکردنی بە وڵاتی داواکار بە مەبەستی دادگاییکردنی و یان سەپاندنی سزای یاسایی کە لەدژی دەرچووە (زحاف ۲۰۱۲/۲۰۱۱، ۲۲).

3ـ تاوانەکانی سیاسی : ئەگەر تاوانێک ئەنجامدرا و تاوانەکە نارازیبوونێکی گشتی بەدوای خۆیدا نەهێنا و گوزارشت لە نەفسیەتێکی شەڕاوی و خراپ نەکرد و شوێنەواری تاوانکاری وەک زیان گەیاندن بە گیان و سامانی خەڵک لەدوای خۆیدا بە جێ نەهێشت ئەوە بە تاوانی سیاسی دادەنرێت (الخلف 1968، ٤٢٢).

4ـ تاوانەکانی سەربازی : تاوانەکانی سەربازی بەو جۆرە تاوانانە دەگوترێت کە یاسای سزادانی سەربازی بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت و لەلایەن کەسانی چەکدار و سەربازی سەر بە دام و دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت و بە پشتبەستن لە پێگە و ئەرک و دەسەڵاتەکانیان ئەنجام دەدرێن و هەڵدەستن بە پێشێلکردنی ئەرکە تایبەتیەکانیان (الخلف 1968، ۳۷۸).

٥ـ پارێزبەندی دیپلۆماسی : هەندێ چین وتوێژێك هەن کە خاوەنی پارێزبەندین. ئەو پارێزبەندیە بەهۆی سروشتی کارەکانیانە و یان پێگە و پایەی سیاسیانە و یان بە هۆی بارودۆخی تایبەتیانە کە تا ئەو کاتەی خاوەنی ئەو پێگە و تایبەتمەندیانە بن، نە دەستگیر دەکرێن و نە دادگایی دەکرێن (عبدالمنعم 2007، 242).

6ـ پارێزبەندی سەرۆکی وڵاتان : سەرۆکی گشت وڵاتێک لەکاتی سەردانیکردن بۆ هەر وڵاتێکی تر، بە خۆی و گشت ئەندامانی خێزانی دەبنە خاوەنی پارێزبەندی و ناکرێت دەستگیر و یان دادگایی بکرێن (الشامي 2007، 136).

بەشی دووەم : لایەنی تیۆری توێژینەوە :

چەمک و پێناسە و سروشتی یاسایی و مەرجەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران :

لەسەرەتای ئەم بەشەدا باس لە چەمکی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران دەکەین کە پێکدێت لە پێناسە و دیاریکردنی سروشتی یاسایی و هەروەها مەرجەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران. بابەتی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران گرنگیەکی بێ وێنەی هەیە بۆ نەهێشتن و یان کەمکردنەوەی دیاردەی تاوانەکان بە گشتی و تاوانی مادده هۆشبەرەکان بە تایبەتی. چۆنکە لەڕێگەی ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکانی دوو قۆڵی و یان چەند قۆڵی نێوان وڵاتان ڕووبەڕووی تاوانبارانی هەڵاتوو دەبنەوە کە دوای ئەنجامدانی تاوان وڵاتیان بە جێهشتووە و یان جۆری تاوانەکانیان سنووری چەندین وڵاتیان بەزاندووە.

A. *یەکەم : چەمکی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران :*

کاری هەرە سەرەکی دادگاکانی وڵات بە هەر دوو بەشی دادوەرانی لێکولینەوە و دادوەرانی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتان بە هەموو بەشەکانیانەوە، بریتیەلە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی هاوڵاتیان و دوورخستنەوەی مەترسی لە کۆمەڵگا لەڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانباران و بە سزا گەیاندنیان. تاوانبارانیش بۆ گەیشتن بە مەرامە مەترسیدارەکانیان گشت ڕێگایەک دەگرنەبەر بۆ ئەنجامدانی تاوان و دواتر هەوڵەکانیان دەخەنەگەر بۆ هەڵاتن لەدەست یاسا ودوورکەوتنەوە لە شوێنی ئەنجامدانی تاوان.

بۆ مەبەستی ڕێگریکردن لە دەربازبوونی تاوانباران لەدەست یاسا، پێویستە پیاوانی یاسا و دەوڵەت ڕێکاری پێویست بگرنەبەر و بە دروستکردنی هەماهەنگیەکی گونجاو لەنێوان خۆیاندا بۆ گەڕاندنەوەی تاوانبار بۆ ئەو وڵاتەی کە تیادا تاوانی ئەنجام داوە و بەم هۆیەوە تاوانلێکراو توانای گەیشتن بەمافە یاساییەکانی هەبێت. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە چەمکی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران، پێویستە پێناسە و سروشتی یاسایی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران و دواتر مەرجەکانی دیاری بکەین.

1) *دووەم : پێناسەی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران :*

پێناسەی جۆراوجۆر و جیاوازی بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانباران خراوەتەڕوو چونکە هەر یەک لە دەوڵەتان بەپێی دەستوری نێوخۆیی وڵاتی خۆیان و بە گوێرەی خوێندنەوە و بیرۆکەی یاسادانەرانیان هەڵساون بە داڕشتنی یاساکانی وڵاتەکانیان. داڕشتنی یاساکان لە وڵاتیک بۆ وڵاتیکی ترەوە جیاوازە. هەروەها بجگەلە یاسای ناوخویی وڵاتان، لەڕووی نێودەوڵەتیەوەش یاساناسانی نێودەوڵەتی پێناسەی جیاوازیان بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانباران کردووە. ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی وڵاتان و جۆری سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیاسی وڵات و جیاوازی لە بیرۆرای یاسادانەران (سرور 2006، 48).

دەستەواژەی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران ڕەگ و ریشەیەکی لاتینی هەیە و لە وشەی((extruder سەرچاوە گرتووە و لە زمانی ئینگلیزیش بە (extradition) دەخیندرێتەوە کە بە مانای دانەدەست و یان ڕادەستکردن دێت. هەرچەندە شایانی باسە هەندێ لە زانایان ڕەخنە لەبەکارهێنانی دەستەواژەی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران دەگرن و لەجیاتی ئەو، وشەی (الرحیل) یان هەمان (کۆچ) بەکار دینن و ڕەخنەکەیان لەوە سەرچاوە دەگرێت کە وشەی تاوانبار بۆ ئەو کەسانەیە کە تاوانەکەیان بەسەردا ساخ بووەتەوە و بڕیاری سزایی بۆیان دەرچووە و یان ئامادەکاری تەواو کراوە بۆ بە ناساندنی کەسەکە وەک بکەری سەرەکی. سەرەڕای ئەوە کە مەبەستی سەرەکی لە بەکارهێنانی ئەم پرەنسیپە بۆ ئەو کەسانەیە کە تەنیا شک و گۆمانیان لەسەرە و پێویستە بدرێنە دادگا و بە پێی ڕێکارەکانی دادوەری مافی ئەوەیان هەبێت بەرگری لەخۆیان بکەن و داوای پارێزەر بکەن. بەڵام لە کۆتاییدا سەرەڕای ئەو ڕەخنانە دەبینین کە زۆربەی نووسەران لەکاتی نووسینی هەرجۆرە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و یاسایی، دەستەواژەی ڕادەستکرنی تاوانباران لە نووسینەکانیان بەکار دینن و لەڕووی بەکارهێنانیش ئەم دەستەواژەیە لەنێوان خەلکیش بڵاوبووەتەوە و بەکاری دێت (فافة 2014، 17).

لەڕووی یاساییەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ پرەنسیپی ڕادەستکرنەوەی تاوانباران خراوەتەروو کە هەرچەندە لەڕووی داڕشتنەوە لەیەکتر جیاوازن بەڵام

گشتیان یەک چەمک و مانایان هەیە. بۆ نمونە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بە مانای ئەوە دێت کە دەوڵەتێک دەستبەرداری کەسێک لە خاکی خۆیدا بێت بۆ دەوڵەتێکی دیکە بۆ ئەوەی لەسەر تاوانێک کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە سزای لەسەرە دادگایی بکرێت یان ئەو بڕیارەی کە پێشتر لەدژی دەرچووە جێبەجێ بکرێت (فافة 2014، ٨، ٩). لە پێناسەیەکی تریشدا هاتووە کە سیستەمی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بە یەکێک لە شێوازەکانی هاودەنگی و هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان دادەنرێت، بە پێی ئەم سیستەمە دەوڵەتێک هاوڵاتیەک کە لە خاکەکەیدا نیشتەجێیە ڕادەستی دەوڵەتێکی دیکە دەکات چونکە داواکارە بۆ دادگاییکردنی ئەم هاوڵاتیە بە هۆی تاوانێکەوە کە بە گوێرەی یاساکان، سزای لەسەرە یان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارێک کە لەلایەن یەکێک لە دادگاکانییەوە لەدژی هاوڵاتیەکە دەرچووە (جنیح 1985، ٢٣). هەرچەندە پێشتریش پێناسەیەک بۆ دەستەواژەی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران خراوەتەڕوو بەڵام دەکرێت کۆی پێناسەکان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە کە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران ڕێکارێکی یاساییە و بە هاوکاریەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکان لەنێوان دوو یان چەند وڵاتێك دادەنرێت کە تیادا بە پێی ڕێکەوتننامەی نێوانیان، وڵاتی داوالێکراو لەسەر داوای وڵاتی داواکار هەڵدەستێت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانبارێک کە لە وڵاتەکەیدا نیشتەجێیە بە وڵاتی داواکار بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت لەسەر ئەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە یان بۆ جێبەجێکردنی ئەو سزا یاساییە کە لەدژی دەرچووە (زحاف 2012/2011، ١٩-22).

هەر پێناسەیەک بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانبارن بکرێت پێویستە چوار ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ بگریت کە بریتینە لە :

١_ بوونی ڕێکەوتننامە یان پەیماننامەیەکی دوو قۆڵی یان نێودەوڵەتی لەنێوان وڵاتان سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران.

٢_ وڵاتی داواکار، داواکاریەک پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو تاوانبارەی کە هەڵساوە بە ئەنجامدانی تاوانێک و لە وڵاتێکی تردا خۆی حەشار داوە و یان نیشتەجێیە.

٣_ وڵاتی داوالێکراو، هەڵدەستێت بە وەرگرتنی داواکاری وڵاتی داواکار بە مەبەستی ڕادەستکردنەوەی ئەو تاوانبارە کە لەسنووری جوگرافیەکەی ئەوەوە خۆی حەشارداوە.

٤_ داواکاری ڕادەستکردنەوەی تاوانبار دەبێت بۆ مەبەستی دادگاییکردن بێت یان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارێک کە لە دادگایەکی تایبەتمەند لەدژی تاوانبار دەرچوو بێت. (ابوهیف 1997، 302، 303، ٣٠٤).

*2) سێیەم : سروشتی یاسایی لە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران :*

سروشتی یاسایی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لە وڵاتاندا بە گوێرەی دەستور و یاسا ناوخۆییەکانیەوە دیاریکراوە. لە هەندێ وڵاتان ئەم پرۆسەیە بە کارێکی سەروەری دادەنرێت و سروشتێکی کارگێڕی و سیاسی پێی دەبەخشن وەك زۆربەی وڵاتانی عەرەبی. لەم سیستەمەدا بەدواداچوون و پشکنینی داواکاریەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە ئەنجام دەدرێت (عبدالباسط 1989، ٤٥). هەندی وڵاتیش بە کارێکی دادوەری دادەنێن و لەڕێگەی دەسەڵاتی دادوەریەوە بەم کارە هەڵدەستێن و بە پێی هەمان ڕێکارەکانی کاری دادوەری وڵاتەکانیان بەدواداچوون بۆ داواکاریەکانی ڕادەستکردنەوە دەکەن وەکو زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان (الاغبري ٢٠١١، ٤٥). هەندێ وڵاتیش بە سروشتێکی تێکەڵاوی سەروەری و دادوەری دایدەنێن کە تیادا دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری پێکەوە بەم کارە هەڵدەستن (زحاف 2012/2011، 28). وەکو دەوڵەتی عێراق (ق. الجزائیة 1971، ماددەی 363، ٣٦٤).

لە حاڵەتی یەکەم کە سروشتی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بە کارێکی سەروەری دادەنرێت و سروشتی کارگێڕی و سیاسی پێی دەبەخشن، خۆدی حکومەت و یان یەکێک لە دام و دەزگا جێبەجێکارەکان هەڵدەستێن بە وەرگرتنەوەی داواکاری ڕادەستکردنەوە و بەدواداچوون کردن بۆ ئەم بابەتە، بێ ئەوەی هیچ ڕاوێژێک لەگەڵ لایەنە دادوەریەکان بکەن و یان هیچ ڕێکارێکی یاسایی و دادوەری و سزایی بگرنەبەر. کارەکە بەم شێوەیە کە پۆلیس بە بڕیارێکی کارگێڕی هەڵدەستێت بە دەستگیرکردنی تاوانباری داواکراو و دواتر بە فەرمانێک کە لەلایەن سەرۆکی حکومەت واژوو دەکرێت ڕادەست دەکرێتەوە. لەم حاڵەتەدا تاوانبار لە گشت گرەنتیە دادوەریەکانی وەکو دابینکردنی پارێزەر و گۆفتاردان بەرامبەر دادوەر و یان بەکارهێنانی تانەی یاسایی بێ بەش دەبێت (عبدالمنعم 2007، ٨).

لە حاڵەتی دووەم گشت ڕێکارەکانی پەیوەندیدار بە ڕادەستکردنەوە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە ئەنجام دەدرێت و بڕیاری ڕادەستکردنەوە بە شێوەی بڕیارێکی دادوەری کە دەکرێت تانەی لێبدرێت دەردەچێت. لە ڕەچاوکردن و گرتنەبەری ئەم شێوازەی ڕادەستکردنەوە، پشت بە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دەبەسترێت کە تیاندا پرەنسیپی ڕادەستکردنەوە لە چوارچێوەی کارە یارمەتیە یاساییە نێودەوڵەتیەکان لەبواری سزایی دادەنرێت کە ئامانج لەو ڕێکارانە، گواستنەوەی تاوانبارێکی داواکراوە لەژێر دەسەڵاتی دادگای وڵاتێک بۆ ژێر دەسەڵاتی دادگای وڵاتی داواکار بۆ گرتنەبەری ڕێکارە یاسایی و سزاییەکان (العروسي ١٩٥١، ٧).

لە حاڵەتی سێیەم کە سروشتێکی تێکەڵاوە و حکومەتی عێراق هەروەک باسمان کرد ئەم سروشتەی وەرگرتووە، هەردوو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری پێکەوە بەم کارە هەڵدەستێن. کۆمەڵێک ڕێکاری وەکو بڕیاری ئازادکردن بە دەستەبەری و بڕیاری ڕاگرتن لە بەندیخانە و یان دەستگیرکردن و بەدواداچوون بۆ یاسایی بوونی بەڵگەکان بۆ تاوانبارکردن و گونجانی داواکاری ڕادەستکردنەوە لەگەڵ پەیماننامە دوولایەنە و یان چەند لایەنەکان و هەروەها بڕیاری ڕادەستکردنەوە و یان ڕادەستنەکردنەوەی تاوانبارانیش لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری تایبەتمەندەوە دەردەچێت. لەم شێوازەدا حکومەت لەڕێگە و کەناڵە دیپلۆماسیەکانەوە داواکاری ڕادەستکردنەوە وەردەگرێت و بۆ ئەنجومەنی دادوەری دەگوازێتەوە و دوای تەواوبوونی ڕێکارە دادوەریەکان، داواکاریەکە بە مەبەستی جێبەجێکردن بۆ حکومەت دەگەڕێندرێتەوە. شایانی ئاماژەپێکردنە ئەو بڕیارەی لەلایەن دەسەڵات و ئەنجومەنی دادوەریەوە دەردەچێت بۆ ڕادەستکردنەوەی کەسی داواکراو، جێبەجێ ناکرێت تا ئەو کاتەی وەزیری دەرەوە ڕەزامەندی لەسەر نەدات و دوای ئەوە لەلایەن وەزیری دەرەوە

ڕەوانەی بەردەم وەزیری داد دەکرێت. وەزیری داد بڕیاری کۆتایی لەسەر جێبەجێکردن و یان جێبەجێنەکردنی ڕادەستکردنەکە دەردەکات و ئەم بڕیارەی وەزیری داد بڕیارێکی کۆتاییە و باتە و بۆی هەیە ئەم داواکاریەکە لە هەر قۆناغێکدا بێت ڕابیگرێت (ق. الجزائیة 1971، ماددەی ٣٦٢، ٣٦٣).

چوارەم : مەرجەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران :

لێرەدا باسی دوو تەوەری سەرەکی سەبارەت بە مەرجەکانی ڕادەستکردنەوە دەکەین کە تەوەری یەکەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسی تاوانباری هەڵاتوو هەیە کە لەدوای ئەنجامدانی تاوان، بۆ وڵاتێکی ترەوە هەڵاتووە و خۆی حەشارداوە. ئەم مەرجانە تایبەتن بە بەڵگەکانی دژی تاوانبار و ڕەگەزنامەی کەسی تاوانبار. لە تەوەری دووەمیش مەرجەکانی پەیوەندیدار بە کردارە تاوانکاریەکە دەخەینە بەر باس کە بە هۆی ئەنجامدانی ئەم کردارە تاوانکاریە، داوای ڕادەستکردنەوەی کەسی تاوانبار دەکرێت. دوای ئەوەش لە تەوەرێکی دیکەدا باسی ئەو مەرجانە دەکەین کە لەلایەن یاسادانەری عێراقی داندراوە. لە تەوەری چوارەمیش باسی هەندێ تاوان دەکەین کە پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران دەیانگرێتەوە بە تایبەتی تاوانی بازرگانی ناڕەوا بە ماددە هۆشبەرەکان.

*3) تەوەری یەکەم: مەرجەکانی پەیوەست بە خۆدی تاوانبار :*

*4) یەکەم: هەبوونی بەڵگەی تەواو دژی تاوانباری هەڵاتوو :*

زۆربەی وڵاتانی جیهان تەنیا لەکاتی هەبوونی بەڵگەی پێویست لەدژی تاوانباری هەڵاتوو ئامادەن کە ڕەزامەندی لەسەر ڕادەستکردنەوەی تاوانباری داواکراو بدەن. لێرەدا پێویستە دەوڵەتی داواکار، لەکاتی ڕەوانەکردنی داواکاری بۆ ڕادەستکردنەوە، هاوپێچ لەگەڵ داواکاریەکەی، پەڕاوی لێکۆڵینەوەی کەسی تاوانبار کە تیادا گشت ڕێکارەکانی دادگاییکردنی تاوانبار و بەڵگەکانی پێویست و تایبەت بە تۆمەت پێکردنی تاوانبارەکە و یان بە تاوانبار ناساندنی، ئاماژە پێکرا بیت پێشکەش بە دەوڵەتی داوالێکراو بکات. چۆنکە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان و دەستور و یاسا ناوخۆیی وڵاتان گرنگیەکی زۆر بە ئازادی و کەسایەتی هاوڵاتیان دراوە و جێگەی پەسەند نیە وڵاتێک هەڵسێت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانبارێک بە وڵاتێکی تر بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی سەلمێندراو لەدژی هەبێت (محمود 1998، ٥٧).

*5) دووەم : مەرجی ڕەگەزنامەی تاوانباری داواکراو :*

ڕەگەزنامە ئامرازی دابەشکردنی یاسایی هاوڵاتیانە بۆ سەر وڵاتان. یاسادانەران زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزنامە و ڕێسا و یاساکانی دەکەن چونکە ڕەگەزنامە بە هۆکار و پردی پەیوەندی سیاسی و یاسایی هاوڵاتیان بە حکومەتەوە دادەنرێت (عبدالله ١٩٨٦، ١٢٤). مەرجی ڕەگەزنامە بە دوو حاڵەت دابەش دەبێت کە لەحاڵەتی یەکەم تاوانبار هیچ ڕەگەزنامەیەکی نەبیت ویان چەندین ڕەگەزنامەی هەبیت و لەحاڵەتی دووەم تاوانبار هەڵگری یەك ڕەگەزنامەی بێت.

*a) حاڵەتی یەکەم : مەرجی نەبوونی ڕەگەزنامە و یان هەبوونی زیاتر لە یەک ڕەگەزنامە:*

دوو بارودۆخ دێنە پێش کە تاوانباری داواکراو هاوڵاتی هیچ وڵاتێك نیە ویان لە یەك کاتدا هاوڵاتی دوو یا چەندین وڵاتە

1. لەکاتی نەبوونی ڕەگەزنامە:

مەبەست لە کەسی بێ ڕەگەزنامە ئەو کەسەیە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی هیچ وڵاتێک نیە و بە پێی یاساکانی هیچ وڵاتێک بە هاوڵاتی و هاونیشتیمانی ئەژمار ناکرێت. چەندین بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانەی بێ ڕەگەزنامە هەن. هەندێ لە زانایانی یاسایی پێشنیار دەکەن بە پێی یاساکانی ئەو وڵاتە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت کە تێیدا لەدایک بووە. هەندێ پسپۆری یاسای وای دەبینن کە باشترە بە گوێرەی یاسای ئەو وڵاتە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە تێیدا نیشتەجێیە (بوعلام ٢٠٠٩/٢٠٠٨، ٤٩). پەیماننامەی نیویورک لە 28 سپتەمبەر ساڵی 1954 تایبەت بە یاسای بنەڕەتی بۆ کەسانی بێ ڕەگەزنامە هەڵساوە بە دیاریکردنی مافەکان و ئەرکەکانی کەسانی بێ ڕەگەزنامە، و ئەو دەوڵەتەی کە هاوڵاتیە بێ ڕەگەزنامەکە تیادا نیشتەجێیە پێویستە ڕەچاوی ئەو ماف و ئەرکانە بکات. هەروەها ئەم ڕێکەوتننامەیە لە هیچ ماددەیەکدا ئاماژە بە ڕادەستکردنەوەی کەسانی بێ ڕەگەزنامە نەکردووە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکانی ئاسایی و یان نێودەوڵەتی. بەڵام شایانی باسە کە لە ماددەی 2/1(ج) هەمان ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە هەرکەس بەڵگەی بەهێزی لەسەر هەبوو کە هەڵساوە بە ئەنجامدانی تاوانەکانی دژی ئاشتی یان تاوانەکانی جەنگ یان تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، ئەم ڕێکەوتننامەیە بە هیچ شێوە نایانگرێتەوە. ئەمە بەم مانایە دێت کە کەسانی بێ ڕەگەزنامە لەکاتی ئەنجامدانی هەریەک لەو تاوانانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد هیچ وڵات و هیچ ڕێکەوتننامەیەک ناتوانێت پشتگیریان بکات و ڕادەستکردنی کارێکی بێ کێشە دەبێت چونکە لەڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان هیچ ڕێگریەک بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو جۆرە تاوانبارانەدا نیە (زحاف 2012/2011، ٢٩٧).

ب. لەکاتی هەبوونی چەندین ڕەگەزنامەی جیاواز :

بە چەندین شێواز دەکرێت هاوڵاتیەک ببێتە هەڵگری چەندین ڕەگەزنامەی جیاواز. بۆ نمونە لەڕێگەی خوێن و یان شوێنی لەدایکبوون و یان لەڕێگەی مافی نیشتەجێبوون لە وڵاتێک وبە پێی ڕێوشوێن و یاساکانی ئەو وڵاتەی تیادا نیشتەجێبووە. زۆربەی یاسادانەران خۆیان لە باسکردنی ئەم بابەتە بە دووردەگرن چۆنکە ئەستەمە بتوانرێت یاسای جێگیر بۆ ئەم حاڵەتە دابنرێت (سراج ١٩٩٩، ٢٢١). ئەگەر کەسی داواکراو هەڵگری چەندین ڕەگەزنامەی جیاواز بوو، لەم بوارانەدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ڕادەستکردن و یان ڕادەستنەکردنەوەی تاوانباری داواکراو، دەگەڕێنەوە سەر ڕێکەوتننامەکانی نێوان هەردوو وڵاتانی داواکار و داوالێکراو. بەگوێرەی پرەنسیپی دۆستایەتی نێودەوڵەتی و یان پرەنسیپی کاری هاوشێوە و کاری هاوبەش لەنێوانیان ئەم بابەتە چارەسەر دەکرێت و یان بە گوێرەی سیستەمی یاسایی ناوخۆیی وڵاتی داوالێکراو بابەتەکە چارەسەر دەکرێت (عبدالمنعم 2007، ٢٢٧).

لەکاتی هەبوونی چەندین ڕەگەزنامەی جیاواز ئەم حاڵەتانە دێنە پێش کە کەسی داواکار هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتی داواکار و ڕەگەزنامەی وڵاتی داوالێکراو و هەروەها ڕەگەزنامەی وڵاتی سێیەم بێت. لەم کاتەدا وڵاتی داوالێکراو کە تاوانبار لە خاکەکەیدا دەژیت بۆی هەیە بە پشت بەستن بە ڕێسا گشتیەکان کە هیچ وڵاتێک ئامادە نیە هاوڵاتیانی خۆی ڕادەستی وڵاتی تر بکاتەوە، سەربەستە لەوەی ڕادەستی

بکاتەوە  ویان بە خۆی هەڵسێت بە دادگاییکردنی تاوانبارەکە. بەڵام ئەگەر کەسی داواکراو هەلگری دوو رەگەزنامەی وڵاتی داواکار و وڵاتێکی سێیەم بوو، لەم کاتەدا پێویستە دەوڵەتی داوالێکراو هەڵسێت بە جێبەجێکردنی رێسای گشتی و کەسی تاوانبار ڕادەستی وڵاتی داواکار بکاتەوە کە تاوانەکەی لەسەر خاکەکەی ئەنجامداوە. بەڵام کێشە لەو کاتەدا ڕوودەدات کە کەسی تاوانبار هەڵگری هیچ یەک لە ڕەگەزنامەکانی وڵاتانی داواکار و داواکراو نیە بەلکو هەلگری ڕەگەزنامەی وڵاتانی دیکە بیت. لەم کاتانەدا باشترین چارەسەر ئەوەیە بەپێی پەیماننامەکانی نێوانیان و یان پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانیان رەفتار بکەن (محمود 1991، ٣١).

بۆچوونێکی دیکە بۆ مەبەستی دیاریکردنی ڕەگەزنامەی ئەو تاوانبارانە کە خاوەنی چەند ڕەگەزنامەیەکی جیاوازن هەیە، ئەویش ئەوەیە کە سەیری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە دەکرێت کە تاوانبار بە شێوەی کرداری ڕەگەزنامەکەی بە کاردێنیت و بە پاسەپۆرتی ئەو وڵاتە سەفەر دەکات و زۆرترین کاتەکانی لەو وڵاتە بەسەر دەبات و تیادا دەژیت. لەکۆتاییدا باشترین بیرۆکە ئەوەیە کە بە پێی ڕێکەوتنامەی نێوان هەردوو وڵاتی داواکار و داوا لێکراو رەفتار بکرێت و بە شێوەی گشتیش وڵاتی داوالێکراو بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە تاوانباری داواکراو بە هاوڵاتی کام وڵات دابنرێت (عبدالمنعم 2007، ٢٢٨).

*b)* *حاڵەتی دووەم : لە کاتی بوونی یەك ڕەگەزنامە :*

بارودۆخی تاوانباری داواکراو بۆ ڕادەستکردنەوە کە هەڵگری یەک ڕەگەزنامەیە لە سێ بواردا کورت دەکرێتەوە:

تاوانباری هەڵاتوو هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتی داواکار (یەکەم) بێت:

أ_ ئەگەر تاوانبار هەڵسا بە ئەنجامدانی تاوان لەو وڵاتەی کە تیادا هەڵگری ڕەگەزنامەکەیەتی و دوای ئەنجامدانی تاوان بەرەو دەوڵەتیکی تر هەڵات، و مەرجە گشتی و سەرەکیەکانی تایبەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانبار بەدیهاتبێ، بە تایبەتی پەیماننامەی ڕادەستکردنەوە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا بەسترا بێت دەبێ تاوانبار ڕادەستی وڵاتی داواکار بکرێتەوە (مبارك 2006، ١١٧).

ب_ تاوانباری هەڵاتوو هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتی داوالێکراو (دووەم) بێت:

وڵاتان و زانایانی یاساناس لەسەر ڕادەستکردنەوەی هاوڵاتیانی خۆیان بو وڵاتی داواکار هاوڕا نین ولەسەر یەک بیروڕا کۆک نین و لەسەر پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی هاوڵاتیانیان گفتۆگۆیەکی زۆر لەنێوان یاساناسان دا هەیە و لەسەر ڕادەستکردن و یان ڕادەستنەکردنەوەی هاوڵاتیانیان تەبا نین. ڕێسای گشتی ئەوەیە کە حکومەتەکان ئامادە نین هاوڵاتیانیان ڕادەستی دەوڵەتێکی دیکە بکەنەوە بۆ دادگاییکردن. بەڵام لە بەرامبەردا بۆ دەرباز نەبوونی تاوانباران لە یاسا، هەڵدەستن بە دادگاییکردنی کەسی تاوانبار بە پێی یاساکانی وڵاتەکەیان (مبارك 2006, ١١٧).

:ج. کەسی داواکراو بۆ ڕادەستکردنەوە هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتی سێیەم بێت

ئەگەر تاوانبارێك لە وڵاتێکدا تاوانی ئەنجامدا و دواتر بو وڵاتێکی تر هەڵات و هەڵگری ڕەگەزنامەی هیچیەك لەو دوو وڵاتە نەبوو، لێرەدا تەماشای دەقی ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکانی نێوان هەردوو وڵاتی یەکەم و دووەم دەکرێت و ئەگەر ئاماژە بەوە درابێت کە دەبێ  بیروڕا و ڕەزامەندی وڵاتی سێیەم (ئەو دەوڵەتە کە تاوانبار هەڵگری ڕەگەزنامەکەیەتی) وەربگیریت، پێویستە پرس بە وڵاتی سێیەم بکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ڕادەستکردنەوەی کەسی تاوانبار. و ئەگەر لە دەقەکاندا ئاماژە بەو بابەتە نەکرا بێت، پرس پێکردن لەوڵاتی سێیەم دەبێتە کاڕێکی رۆتینیات و لەسەر پەیوەندی دوستایەتی وڵاتان رادەوەستیت و پرس پێکردنی کارێکی پێویست نابێت و ئەو وڵاتانە بە گوێرەی بەرژەوەندیە سیاسی و بەرژەوەندی هاوبەشەکانیان رەفتار دەکەن (طاهر 2004، ٥٤٩).

*6) تەوەری دووەم : مەرجەکانی تایبەت بە کردارە تاوانیەکان :*

مانای مەرجەکانی تایبەت بە کردارە تاوانیەکان ئەوەیە کە بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانبارێک، پێویستە ئەم کەسە هەڵسا بێت بە ئەنجامدانی کردارێکی تاوانکاری. و دەبێت بەپێی ڕێکەوتننامەکانی نێوان وڵاتان ئەم کردارە تاوانکاریە مەرجەکانی پێویستی تیادا بێ تاوەکو ئەنجامدەرەکەی ڕادەستبکرێتەوە. مەرجە پێویستەکان بریتین لە شەش مەرجی سەرەکی کە لەدرێژەی نوسینەکەمان ئاماژەیان پێ دەدەین.

1. مەرجی مەترسیداربوونی تاوانەکە :

مەبەست لەدانانی ئەو مەرجە ئەوەیە کە ئەو تاوانەی دەبێتە جێگای ڕادەستکردن، پێویستە ئاستی مەترسیەکە بگاتە ڕێژەیەکی دیاریکراو. ناکرێت بۆ هەر کارێکی نایاسایي ڕێگە بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بدرێت. چونکە کارە تاوانیەکان لەڕووی مەترسیەوە بە سێ جوری (تاوان، کەتن و سەرپێچی) دابەش دەبن. هەر تاوانێک لەچوارچێوەی سەرپێچی بێت ناکرێت  ببێتە جێگای ڕادەستکردن. چونکە کاری ڕادەستکردنەوەی تاوانبار لەنێوان وڵاتان، کاریکی زۆر ئاڵۆزە و گیروگرفتی تیادایە. بەئاسانی ناکرێت و هەروەها تێچوویەکی ماددی زۆری دەوێت و کاتێکی زۆری دەبات تاوەکو جێبەجێ دەکرێت. بۆیە ناکرێت دام ودەزگا پەیوەندیدارەکان و دادوەریەکانی نێوان دوو وڵات سەرقاڵی کارێکی کەم بەها و بێ بایەخ بن (فافة ٢٠١٤، ٣٢).

هەرچەندە شایانی باسە سێ شێواز لەنێوان وڵاتان پەیڕەو دەکرێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی مەترسی. یەکێکیان شێوازی ژماردنە کە لە ڕێکەوتننامەکانی وڵاتان ناوی تاوانەکان بە شێوەی سنووردار لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامە و یان لە هاوپێچەکەیدا ئاماژە پێ دەدرێت کە ئەم شێوازە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی پەیڕەو دەکرێت. شێوازی دووەمیش بریتیەلە دیاریکردنی جۆری سزاکە و کەمترین و بەرزترین ڕێژەی سزای تاوانەکە دەکرێتە پێوەر بۆ ڕادەستکردن، کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بە وڵاتی عێراقیشەوە ئەم شێوازەیان وەرگرتووە وکاری پێدەکەن. ڕێگای سێیەمیش بە کۆکردنەوەی هەردوو ڕێگای یەکەم و دووەم دەبێت کە ژمارەی تاوانەکان دیاری دەکرێن لە سەر بناغەی دیاری کردنی کەمترین ڕێژەی سزاکە (فاضل 1988، 91).

*2. دەبێ تاوانەکە دوولا یەنە بێت :*

مەبەست لەو مەرجە ئەوەیە کە ئەو کردارە تاوانکاریە کە دوو و یان چەند وڵاتێک ڕێکەوتننامەی ڕادەستکردنەوەی لەسەری واژوو دەکەن لەلایەن دام و

دەزگا دادگەریەکانی هەردوو وڵات بە تاوان ئەژمار بکرێت. چونکە ناکرێت وڵاتی داواکار، داوای دادگاییکردنی کەسێک بکات کە کارەکانی بە پێی یاساکانی ناوخۆیی بە نایاسایی هەژمار ناکرێت. هەروەها وڵاتی داوالێکراو نابێ کەسێک ڕادەست بکاتەوە کە بە پێی یاساکانی وڵاتەکەی هیچ کردەوەیەکی تاوانکاری ئەنجام نەداوە (مبارك 2006، ١١٧).

*3. دەرنەچونی بڕیاری بنبڕ لەدژی تاوانباری داواکراو بۆ ڕادەستکردنەوە:*

داواکردن بۆ مەبەستی ڕادەستکردنەوەی تاوانبار بۆ ئەوەیە کە لەرێگەی دادگاوە ڕێکارەکانی دادگاییکردن لەدژی وەربگیرێت و لە بەرامبەردا تاوانباریش مافی ئەوەی هەبێت بەرامبەر ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی بەرگری لەخۆی بکات. ئەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دادپەروەری ناگونجێت کە تاوانبار مافی بەرگریکردن و ئامادەکردنی شاهد و دەستنیشان کردنی پاریزەری نەبیت و نابێ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان دوای دەرچوونی بڕیاری بنبڕ، داوای ڕادەستکردنەوەی تاوانبارەکە بکەن. لەم حاڵەتەدا، واتە دوای دەرچوونی بڕیاری بنبڕ، دەوڵەتی یەکەم پێویستە لەسەری ناونیشانی داواکاریەکەی لە ڕادەستکردنەوەی تاوانبار بۆ دادگاییکردن، بگۆڕێت بۆ داواکردن بۆ ڕادەستکردنەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری دەرچوو لەدژی تاوانبار (ریش 2009، 382، ٣٨٣).

*4. نابێ کارە تاوانکاریەکە لەڕووی یاسایی و یان عۆرفی قەدەغەی ڕادەستکردنەوەی لەسەر بێت :*

هەندێ تاوان هەن کە لەڕووی عۆرفی نێودەوڵەتی ناکرێت ڕێکارەکانی ڕادەستکردنی تاوانباران تیادا جێبەجێ بکرین. زۆربەی وڵاتان پەسەندی ئەم بابەتەیان کردووە و پێوەی پابەندن. بۆ نمونە لە تاوانەکانی سیاسی و سەربازی ڕەتی دەکەنەوە کە تاوانباران ڕادەست بکرێنەوە (محمود 1998، ٤٨). کە لە بەشەکانی دواتر بە درێژی لەسەر ئەم دوو تاوانە دەنووسین.

*5. مەرجی بەردەوامبونی داوا یاساییەکە :*

پێویستە داوای یاسایی لەسەر تاوانباری داواکراو بەردەوام بێ و نابێ بە هیچ هۆکاریکی یاسایی وەکو لێبوردنی گشتی و یان تایبەتی یان هەر هۆکاریکی تر داوا یاساییەکە لەسەر تاوانبار و یان کردارە تاوانیەکە لاچوو بێت. دادپەروەرانە نیە تاوانبارێک ڕەوانەی بەردەم دادگا بکرێت کە بە لێبوردنی گشتی یان تایبەتی تۆمەتەکە لەسەری نەما بێت. هەرچەندە کە لەو مەرجەدا دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان تاوانەکانی ناوخۆیی و تاوانەکانی نێودەوڵەتی. چونکە تاوانەکانی نێودەوڵەتی تەنیا بە مردنی تاوانبار داواکە لەسەری نامێنیت و لێبوردنی گشتی و یان تایبەتی و یان تەواوبوونی ماوەی یاسایی، کاریگەری لەسەر تاوانە نێودەوڵەتیەکانەوە نیە و ئەم بابەتانەی وەکو لێبوردنی گشتی یان تایبەتی و یان ماوەی یاسایی تەنیا لەسەر یاساکانی ناوخۆیی وڵاتەکاندا جێبەجێ دەکرێن (محمود 1998، ٣٨، ٣٩).

*6. تایبەتمەندیەکانی دادوەری بۆ هەردوو وڵاتی داواکار و داوالێکراو :*

وڵاتی (یەکەم) کە داواکارە بۆ وەرگرتنەوەی تاوانبار و داواکاری پێشکەش کردووە، پێویستە خاوەن ماف بێت بۆ مەبەستی دادگاییکردنی کەسی تاوانبار و نابێ هیچ وڵاتێکی دیکە پێش ئەو مافی دادگاییکردنی ئەو تاوانبارەی هەبێت. هەروەها پێویستە لەڕووی یاساکانی ناوخۆیی و یان نێودەوڵەتی، وڵاتی داواکار ماف و توانای دادگاییکردنی هەبێت لەو جۆرە تاوانانە کە تاوانباری داواکراو ئەنجامی داوە. هەروەها سەبارەت بە دادگاکانی وڵاتی دووەم (داوالێکراو)، ئەگەر ئەو دادگایە ئەو پسپۆڕیەتەی هەبێت کە لێکۆلینەوە لەو تاوانەدا بکات کە تاوانباری داواکراو ئەنجامی داوە، ئەوە بۆی هەیە کە ئەو داواکاریەی ئاراستەی ئەو کراوە بۆ ڕادەستکردنی تاوانبار ڕەتی بکاتەوە و بە خۆی دەست بە دادگاییکردنی کەسی تاوانبار بکات (فاضل 1988، ١٠٣).

لە پاراگرافی سەرەوە باسی پسپۆڕیەتی کراوە و یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لەماددەکانی (٦ تاوەکو 12) باسی پسپۆڕیەکانی دادگاکانی عێراقی کردووە لەڕووی هەرێمی و جۆری و کەسی (ق. عقوبات 1969، ماددەکانی 6-12).

پسپۆڕیەتی هەرێمی واتە دەوڵەت دەتوانێت یاسای سزادانەکەی بەسەر گشت ئەو تاوانانەدا بسەپێنیت کە لە هەرێمەکەیدا ئەنجام دەدرێن. جا ئەنجامدەرەکەی هەڵگری ڕەگەزنامەی هەر وڵاتێک بێت گرنگ نیە. پسپۆڕیەتی جۆری بەو مانایە دێت کە دەوڵەت سزا بەسەر گشت ئەو تاوانانەدا بسەپێنیت کە لە دەرەوەی وڵاتەکەی لەلایەن بیانیەکان ئەنجام دەدرێن بەڵام کاریگەری خراپی بەسەر وڵاتەکەیدا هەیە. پسپۆڕیەتی کەسیش بەمانای جێبەجیکردنی یاسای سزادانی وڵاتە بەسەر هاوڵاتیانی خۆی کە لەدەرەوەی سنوور عێراق تاوانیان ئەنجام داوە. جا عێراقی بێت و یان دوای ئەنجامدانی تاوانەکە ڕەگەزنامەی عێراقی وەریگرتبێت (خەیلانی 2014، ٨-١٢).

B. *تەوەری سێیەم : مەرجەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لە یاساکانی دەوڵەتی کوماری عێراق:*

یاسادانەری عێراقیش لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو هەڵساوە بەرێکخستنی بابەتی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لە دەروازەی حەوتەم لە ماددەکانی ٣٥٧ تاوەکو ٣٦٨ و بە گرنگیەوە باس لەو بابەتە یاساییە کردووە. بە تایبەت لە ماددەی ٣٥٧ی یاساکەدا لە دوو پاراگرافدا باس لە مەرجەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران کردووە. بە خوێندنەوەی مادەی ٣٥٧ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی دەتوانین مەرجەکانی ڕادەستکردنی تاوانباران کە لەلایەن یاسادانەری عێراقی دارێژراوە دیاری بکەین (خەیلانی 2013، ٢٤٥-٢٥٤). ئەو مەرجانەش بریتینەلە :

أ. کەسی داواکراو تاوانبار بێت بە ئەنجامدانی تاوانێک لەناو زەوی ئەو وڵاتەی کە داواکارە بۆ ڕادەستکردنەوە، و یان لە دەرەوەی سنووری جوگرافیاییەکەی بەڵام لەدژی دەوڵەتی داواکار، و یاساکانی دەوڵەتی داواکار و یاساکانی دەوڵەتی عێراق سزای

زیندانیکردن و یان گرتن لەسەر ئەنجامدەری ئەم تاوانەیان دایناێت کە ماوەکەی دوو ساڵ و یان زیاتر بێت (خەیلانی2013، ٢٤٥).

ب. لەلایەن دادگاکانی وڵاتی داواکار بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانبار، بڕیاری بەندکردن بۆ کەسی تاوانبار دەرچوو بێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و یان هەر بڕیارێک کە سزاکەی زیاتر بێ لە شەش مانگ (خەیلانی 2013، ٢٤٦).

ج. ئەگەر تاوانبار لەسەر چەندین تاوان، داواکاری ڕادەستکردنی لەسەر بوو، بەدواداچوون بۆ بەڵگەکان دەکرێت و ئەگەر مەرجەکانی ڕادەستکردن لە یەکێک لەو تاوانانەدا هەبوو، داواکاریەکە بە ڕاست و ڕەوا دادەنرێت (خەیلانی 2013، ٢٤٦).

تەوەری چوارەم : ئەو تاوانانەی کە پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران دەیانگرێتەوە و تاوانی بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان وەک نمونە :

کۆمەڵێک تاوانی مەترسیدار و گەورە هەن کە لەڕووی پەیماننامە دوو لایەنەییەکان و یان پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانەوە لە چوارچێوەی ئەم تاوانانە دادەنرێن کە پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە. ئەم تاوانانە بە هۆی ئەو زیانە گەورانە کە هەیانە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە بایەخیان پێدەدرێت کە دەتوانین ئاماژە بە تاوانەکانی شۆشتنەوەی پارە و تاوانەکانی ڕێکخراو و تاوانی تیرۆریستی و تاوانی مادده هۆشبەرەکان بکەین. هەروەکو باسمان کرد تاوانی بازەرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان یەکێکە لە تاوانە مەترسیدارەکان و زۆربەی وڵاتانی جیهان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە پێویستە دەستگیر بکرێن و ڕەوانەی بەردەم دادگا بکرێنەوە بۆ گەیشتن بە سزای یاسایی خۆیان.

تاوانی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان ملکەچی سیستەمی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە. چۆنکە لە ماددەی شەشەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان کە لەساڵی 1988 بەسترا داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات کە ئەو کەسانەی تاوانبارن بە ئەنجامدانی تاوانەکانی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە دەستگیر و دواتر ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەنەوە. تاوانەکانی مادده هۆشبەرەکان بریتینەلە قاچاقچێتی، بەرهەمهێنان، دروستکردن، کڕین و فروشتن ، سپیکردنەوەی پارەی بەدەستهاتوو لەو بازرگانیە نایاساییە (عبدالمنعم 2007، ١٣٧). بۆ مەبەستی هاوکاری نێودەوڵەتی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە گەورەیە، ڕێگە نەدراوە کە تاوانی بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان لە چوارچێوەی تاوانەکانی دارایی ویان سیاسی هەژمار بکرێن (شحاتة 2000، ٣٤١). هەروەها ئەم بابەتە لە پەیماننامەی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان کە لەساڵی 1994 بەسترا ئاماژەی پێکراوە (فافة 2014/2013، ٣٤).

بە لەبەرچاوگرتنی مەترسیداربوونی تاوانەکانی مادده هۆشبەرەکان و گرنگی دانانی سیستەمی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بۆ ئەو تاوانانە، ئەگەر دەوڵەتێک لە هیچ پەیماننامەیەکی دوو قۆڵی سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان بەشداری نەکردبێت، دەتوانێت بە پشت بەستن بە ماددەی 3/6 لە پەیماننامەی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکانی ساڵی 1994، هەڵسێت بە بەکارهێنانی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران، چۆنکە ئەم پەیماننامەیە بە بنەمای یاسایی بۆ گشت ئەو دەوڵەتانە دادەنرێت کە ڕێکەوتنیان لە نێوانیاندا نیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان (فافة 2014/2013، ٣٤) .

تەوەری پێنجەم : لێکچوونی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لەگەڵ ڕێکارە یاساییەکانی هاوشێوە :

ئەگەر تەماشای هەندێ ڕێکارەکانی یاسایی بکەین کە لەدژی تاوانباران دەگیرێتەبەر دەبینین سەرەرای جیاوازییەکانیان، بەڵام لە ئەنجامی کۆتاییدا هاوشێوەی یەکن ئەویش بریتیەلە دەرکردنی هاوڵاتیە لە وڵاتێک کە بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ تێیدا ماوەتەوە جا بە هەر هۆکارێک بێت. بەڵام ئەم ڕێکارانە بجگەلە ئەنجامی کۆتاییەکەی، لە بەشەکانی دیکەیان لەیەکتری جیاوازن. ئەم ڕێکارانەش بریتینەلە (دوورخستنەوە، دەرکردن، دیپۆرتکردنەوە، ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان).

1- دوورخستنەوە (الإبعاد) :

دوورخستنەوە ڕێکارێکی یاساییە کە لەلایەن وڵاتێک لە شێوەی بڕیاری کارگێری ویان دادوەری لەدژی بێگانەیەک دەردەچێت کە لە وڵاتەکەیدا دەژیت و پابەندی دەکات لەو ماوە یاساییە کە بۆی دیاریکراوە خاکی وڵاتەکە بەجێبهێڵێت و ئەگەر کەسی بیانی سەرپێچی کرد دەوڵەت بۆی هەیە بەزەبری هێز دووری بخاتەوە. لەسەر دەوڵەت پێویستە هۆکارەکانی دوورخستنەوەی ئەم بیانیە بخاتەڕوو. پێوەرەکانی دوورخستنەوەی بیانیەکان لە دۆخی شەڕدا جیاوازە لەگەڵ دۆخی ئاشتی. لەکاتی شەڕ زۆر بە فراوانی کار بەم پێوەرە دەکرێت و گشت هاوڵاتیانی دەوڵەتی دوژمنکار دەردەکرێن بەڵام لەکاتی ئاشتیدا نابێ دەوڵەت زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەم پێوەرەدا بکات وتەنیا لەکاتی هەبوونی هۆکاری بەهێزی وەکو ئەنجامدانی تاوان، حکومەت پەنا بۆ ئەم کارە دەبات (امراللە 2008، ٢٢٥- ٢٦٩).

2- دەرکردن (الطرد) :

دەرکردن بە ڕێکارەکی کارگێری و سەروەری دادەنرێت کە لەلایەن دەوڵەتێکەوە بەرامبەر بە دیپلۆماتکارانی دەوڵەتانی دیکە وەکو کارمەندی باڵوێزخانە یان کۆنسولخانە دەگیرێتەبەر لەوکاتەی کە دیپلۆماتکارەکە سنووری پێگەی خۆی تێدەپەڕێنێت و سەروەری ئەو وڵاتەی پێشێل دەکات. لەم ڕێکارەدا دەوڵەت بۆی هەیە هەر کاتێک کە بیەوێت و بێ ئاماژەدان بە هیچ هۆکارێک بەرپرسی دیپلۆماتکاران و یان ئەندامێکی شاندی دیپلۆماسی دەربکات (الروبي 1998، ٨).

3- دیپۆرتکردنەوە (الترحيل) :

دیپۆرتکردنەوە بە ڕێکارێکی ماددی دادەنرێت کە تیادا دەسەڵاتی جێبەجێکاری دەوڵەت (پۆلیس) بەرامبەر بیانیەک کە بە شێوەی نایاسایی لە خاکی دەوڵەتدایە ئەنجام دەدرێت و ئامانج لەم ڕێکارە بردنی کەسە بیانیەکەیە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە (امراللە 2008، ٢٠٨). هەندێ لە زانایان بەم شێوەیە پێناسەی ئەم

ڕێکاری دیپۆرتکردنەوە دەکەن کە پرۆسەیەکی کارگێریە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکاری دەوڵەت بۆ دەربڕینی ویستی دەوڵەت بۆ کۆتایی هێنان بە بوونی کەسێکی بیانی لەسەر خاکەکەی دەگیرێتەبەر. چۆنکە هیچ پاساوێکی ڕەوا بۆ مانەوەی بیانیەکە لەسەر زەویەکانی نەماوە. دەکرێت ئەم ڕێکارە بەرامبەر ئەو بیانیانەش وەربگیرێت کە بە شێوەی یاسایی و بۆ ماوەیەکی کۆرت هاتوونەتە ناو خاکی دەوڵەتێک و ئەم دەوڵەتە چیتر ڕەزامەندی لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی ئەم کەسە بیانیانەدا نادات. بەم شێوەیە مانەوەی بیانیەکان بە نایاسایی دادەنرێت و حکومەت دەتوانێت دیپۆرتیان بکاتەوە (الروبي 1998، ١٠).

4- ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان (تبادل الأسرى) :

دیلی جەنگ بەم کەسە دەگوترێت کە نەوەک بە هۆی ئەنجامدانی تاوانێک، بەڵکە بە هۆکاری سەربازی دەستگیر کراوە (ابوهيف 1997، ٦١٨). دیلی جەنگ کەسانێکن لەلایەن دۆژمن دەستگیر دەکرێن. هێزەکانی سەربازین کە بە ئاشکرا چەکیان هەلگرتووە و لەلایەن کەسێکەوە سەرکردایەتی دەکرێن و هەلگری نیشانەیەکن کە دەتوانرێت لە دوورەوە لە کەسانی دیکە جیابکرێنەوە و پابەندن بە داب و نەریت و یاساکانی جەنگ. هەروەها دیلی جەنگ دەکرێت کەسانی شارستانی بن کە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانن و هاوکاری و کارئاسانی بۆ ئەم هێزانە دەکەن وەکو بەلێندەرانی نانخواردن و ڕۆژنامەنووسانی جەنگ و پزیشکەکان و..هتد. ئامانج لە دەستگیرکردنی ئەم دیلانە سزادانیان نییە بەلکو ڕاگرتنیانە لە درێژەدان بە شەڕکردن (طه 2010، ٣٩، ٤٠).

II. بەشی سێیەم : بەربەستەکانی بەردەم ڕادەستکردنەوەی تاوانباران :

ڕێسای گشتی ئەوەیە کە گشت تاوانێک ملکەچی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانە. بەڵام کۆمەلێک تاوان و کۆمەڵە خەلکانێک هەن کە لەبەر هەندێ مەرجی تایبەت کە لە پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانەوە ئاماژەیان پێکراوە ڕێگەپێنەدراوە تیادا تاوانبار ڕادەستبکرێتەوە. بۆیە لە درێژەی توێژینەکەمان بە دوو بەشی تاوانەکانی ڕێگەپێنەدراو بۆ ڕادەستکردنەوە و پارێزبەندی لەسەر تاکەکان باسی ئەم بابەتە دەکەین.

A. *یەکەم : تاوانەکانی ڕێگەپێنەدراو بۆ ڕادەستکردنەوە :*

بە شێوەی سەرەکی دوو تاوان هەن کە هەرچەندە مەترسیدار و گەورە بن قەدەغەیە و ڕێگەپێدراو نین کە ئەنجامدەرانیان ڕادەستبکرێنەوە. ئەوانێش تاوانەکانی سیاسی و سەربازین. بەپێی یاساکانی حکومەتی عێراقیش هەر وەک لە ماددەی ٣٥٨ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقیدا هاتووە کە بە شێوەی کۆتایی و بنبڕ باس لەوە دەکات تاوانبارانی تاوانەکانی سیاسی و سەربازی ناکرێت ڕادەست بکرێنەوە (الاورفلی 1985، ٢٢،٢٣). سەبارەت بە بەلگەنامەی یاسایی بۆ قەدەغەبوونی ڕادەستکردنەوە لەو دوو تاوانە دەتوانین ئاماژە بە ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ نەهێشتنی تیرۆر لەساڵی 1998 بدین کە لە ماددەی 6/ (أ)، (ب) لەو ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە ڕادەستکردنەوە ڕێگەپێدراو نییە ئەگەر ئەو تاوانەی کە داوای ڕادەستکردنی دەکرێت سرۆشتی سیاسی و یان سرۆشتی سەربازی هەبێت (الاتفاقية الإرهاب 1998، المادة 6/أ، ب).

*1-تاوانەکانی سیاسی :*

تاوانەکانی سیاسی پێناسەی جیاوازی هەلدەگرێت و تاوەکو ئیستاش وڵاتان لەسەر یەک پێناسەی یەکگرتوو ڕێک نەکەوتوونە چونکە چەمکی تاوانەکانی سیاسی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتی دیکە دەگۆڕێت و هەروەها تاوانەکانی سیاسی لە ناوخۆی وڵاتیش بەهۆی گۆڕینی سیستەمی سیاسی و بەهۆی گۆڕانکاری لە بەرژەوەندیەکان لەکاتێکەوە بو کاتێکیتر جیاوازە (العاقل 1993، 80).

لە عێراقدا بۆ دیاریکردنی تاوانی سیاسی سەیری ئەو هەستە دەکرێت کە لەدوای ئەنجامدانی تاوانەکە لە کۆمەلگادا دروست دەبێت، ئەگەر تاوانەکە بە هەستێکی شەڕاویی و پڕ لەقین ئەنجام بدرێت و سروشتێکی تاوانکاری لێ بێتەدی و شێوازی جێبەجێکردنەکە ڕەفتاری تاوانکاری لەخۆ بگریت ئەوە بە تاوانی ئاسایی دادەنرێت. بەلام ئەگەر تاوانەکە نارازیبوونێکی گشتی بەدوای خۆیدا نەهینا و گوزارشت لە نەفسیەتێکی شەڕاوی و خراپ نەکرد و شوێنەواری تاوانکاری وەک زیان گەیاندن بە گیان و سامانی خەلک لەدوای خۆیدا بە جێ نەهێشت ئەوە بە تاوانی سیاسی دادەنرێت (الخلف 1968، ٤٢٢). لەڕووی نێودەوڵەتیەوە لە هەندێ پەیماننامەکان و هەروەها بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی داواکراوە بۆ ئەوەی ڕەفتارێک بە تاوانی سیاسی دابنرێت بریتی بێت لە کردەوەیەکی ئاشکرا کە پشتیوانی لە یاخیبوونی سیاسی بکات. ئەو جوولە یان بزووتنەوەی یاخیبوون پەیوەندیدار بێ بە ململانی لەنێوان دوو یان چەند گرووپ و یان حزب لەسەر وەرگرتنی کورسی دەسەڵات لەوڵاتدا (محمود 1991، ٩٢).

یاسادانەری عێراقی لەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١) ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو باسی تاوانەکانی سیاسی کردووە و هەڵساوە بە جیاکاری نێوان تاوانەکانی سیاسی و ئاسایی لەژێر ناونیشانی تاوانەکان لەڕووی سروشتەکەیان و ماددەکانی یاسایی بۆ ئەم تاوانانە ڕێک خستووە (ق. عقوبات 1969، ماددەکانی 21، ٢٢، ٢٣). هەندێ تاوان سەرەڕای ئەوەی بە هۆکار و پاڵنەری سیاسی ئەنجام دەدرێن، بەلام لەلایەن یاسادانەری عێراقی بە تاوانی سیاسی دانەنراوە. وەکو تاوانانەکانی سەر ژیانی سەرۆکی حکومەت و خێزانەکەیان،جینوساید، تاوانەکانی تیروریستی، کوشتنی بەئەنقەست، هەولی کوشتن، تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسایشی وڵات لەڕووی دەرەکیەوە و تاوانەکانی ئابرووبەر وەک دزیکردن، ساختەکاری، گەندەلی، ناپاکی کردن، فێلکردن، بەرتیل وەرگرتن و دەستدرێژی سەر ناموس و ئەو تاوانانەی بە هەستێکی چەپەڵ و خۆپەرەستانە ئەنجام دەدرێن (د. الخلف و د. الشاوي، ب.س.ط 304).

*2-تاوانەکانی سەربازی :*

تاوانەکانی سەربازی بەو جۆرە تاوانانە دەگوترێت کە لەلایەن کەسانی چەکدار و سەربازی سەر بە دام و دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت بە پشتبەستن لە پێگە و ئەرک و

دەسەڵاتەکانیان ئەنجام دەدرێن و یان هەڵدەستن بە پێشێلکردنی ئەرکە تایبەتیەکانیان و یاسای سزادانی سەربازی بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت. یاسادانەری عێراقی لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی(١٩٧١)ی هەمووارکراو لەمادەی(٣٥٨) قەدەغەی کردووە کە کەسی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانی سەربازی ڕادەستی وڵاتی داواکار بکرێتەوە (الخلف 1968، 378).

تاوانەکانی سەربازی دوو شێوازی هەیە کە یان تاوانی سەربازی پۆخت و پەتین کە کەسانی سەربازی و ئەوانەی ناونیشانی سەربازیان هەیە ئەنجامی دەدەن و پەیوەندی بە سیستەمی سەربازیەوە هەیە و یاسای سزادانی سەربازی بڕیاریان لەسەر دەدات. ئەو جۆرە تاوانانە لە یاسای سزادان ئاماژەیان پێ نەکراوە وەکو سەرپێچی کردن لە فەرمانەکانی سەربازی و ناپاکی و هەڵاتن و شێواندنی بە ئەنقەستی کەل وپەل و ئامێری سەربازی (بوسقیعة 2006، 42، ٤٣).

جۆرێکی دیکە لە تاوانەکانی سەربازی بریتینەلە تاوانەکانی تێکەڵاو کە لەلایەک لەدەقە یاساکانی سزادانی گشتی ئاماژەیان پێکراوە و لەلایەکی تریش لەیاسای سزادانی سەربازیش ئاماژەیان پێ دراوە. ئەم تاوانانە لە بنەڕەتدا تاوانی ئاسایین وەکو کوشتنی بەئەنقەست و دزی و بەکارهێنانی توندوتیژی، بەلام لەلایەن کەسانی سەربازی و کەسانێک کە هەڵگری ناونیشانی سەربازین بە پشتبەستن بە پێگە و پۆستی سەربازیان ئەنجام دەدرێن بۆیە بە تاوانی سەربازی دادەنرێن (الاورفلی 1985، 25). زانایانی یاسایی لە دانانی پێوەرێکی دیاریکراو بۆ جیاکردنەوەی تاوانەکانی سەربازی لە تاوانەکانی ئاسایی ڕووبەڕووی هەندێ گرفت دەبنەوە کە ڕیشەی گرفتەکان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەندین ستاندارد و یان پێوەری جیاواز کە لەلایەن دەوڵەتانەوە دەگیرێتەبەر بۆ پاراستنی بەها سەربازییەکان و مولک و ماڵی هێزە سەربازییەکانیان (مبارك 2006، ١٥٥) .

*3-پاساوەکانی قەدەغەبوونی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی سیاسی و سەربازی :*

سەرەرای جیاوازیەکانی دادگاکان و یاساناسان لەسەر پێشکەشکردنی پێناسەیەکی تەواو و یەکگرتوو بۆ دەستەواژەی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران، بەڵام هەموویان سەبارەت بە ڕادەست نەکردنەوەی تاوانبارانی سیاسی هاوڕان. ئەوەش چەندین پاساوی هەڵدەگرێت بۆ نمونە تاوانبارانی سیاسی و سەربازی لەلایەن وڵاتی داواکار بە تاوانبارێکی مەترسیدار وئاژاوەچی دادەنرێن و لەکاتی دەستگیرکردنیان سزایەکی گران بەسەریاندا دەسەپێنرێت چونکە ئەم تاوانبارانە لەڕووی بیروڕای سیاسیەوە لەگەڵیان جیاوازن و دژایەتی سیستەمی سیاسی وڵات دەکەن و لەلایەکی ترەوە هەمان تاوانباران لەلایەن بەشێك لە هاوڵاتیانی هەمان وڵات بە کەسانی ئازا و چاونەترس و ڕۆشەنبیر دادەنرێن کە خاوەن بیروڕای جیاوازن. هەروەها تاوانباری سیاسی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە مەبەستێکی تاوانکاری نیە و دەیەوێت چاکسازی لەوڵاتدا بکات و لەژێر هەندی بارودۆخی تایبەتەوە تاوانە سیاسیەکانی ئەنجام داوە و لە ئەگەری ڕادەستکردنەوەی، ترسی ئەوە هەیە کە وڵاتی داواکار زۆر بە توندی و دوور لە پرەنسیپەکانی دادپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا بکات (زحاف 2012/2011، ٣١٧). هەروەها تاوانباری سیاسی بە هەڵاتنی لە وڵاتی خۆیەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، خۆی دەخاتە بەردەم دەربەدەری و ئاوارەبوون، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا سزایەکی توندە بۆ سیاسەتمەدارێک (العروسي 1951، 70، 71).

سەبارەت بە ڕادەست نەکردنەوەی تاوانەکانی سیاسی کۆدەنگی هەیە لەنێوان یاساناسانی وڵاتان کە نابێ تاوانبارانی سیاسی ڕادەست بکرێنەوە بەڵام سەبارەت بە تاوانبارانی سەربازی، یاساناسان بیروڕای جیاوازیان هەیە و هۆکاری دژایەتیکردن لە ڕادەست نەکردنەوەی تاوانبارانی سەربازی بۆ ئەوە دەگەڕێنێنەوە کە هەڵاتنی سەربازان بۆ وڵاتانی دیکەوە و ڕادەست نەکردنەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان یان وڵاتی داواکار، لەڕووی سەربازیەوە زیانی گەورەی بە وڵاتی داواکار دەگەیەنێت چونکە دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوە و ئاشکرابوونی زانیاریەکانی نهێنی و سەربازی (الاورفلی 1985، ٢٥).

هەرچەندە بۆچوونێکی دیکەش لەسەر ڕادەستکردنەوە لە تاوانەکانی سەربازی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر پاساو و ئەو پاڵنەرانەی کە پێویستیان بە پاراستنی تاوانبارانی سیاسی هەیە دروست و قبولکراو بێت ئەوە پاراستنی ئەو تاوانبارەی کە خۆی لە ئەرکە سەربازییەکان بە دوور گرتووە بنەمایەکی دروستی نییە. تەنیا لە یەک حاڵەت دەکرێت ڕادەست نەکرێتەوە کە ئەگەر ئەنجامدانی تاوانە سەربازیەکە هۆکار و بیانویەکی سیاسی لەپشتەوە بێت واتە پاڵنەرێکی سیاسی هەبێت. هەر بۆیە هەندێ ڕێکەوتننامە دوو قۆڵییەکان تاوانی سەربازی وەک تاوانی سیاسی هەژمار ناکەن و ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە تاوانانە ڕادەست دەکەنەوە (جفال 2019، ٥٢٦).

دەولەتی عێراق لەگەڵ هەندێ لە وڵاتان ڕێکەوتننامەی هەیە کە تاوانبارانی سیاسی و سەربازی ڕادەست نەکرێنەوە، بەڵام بە هۆی پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسی و دۆستایەتیەکانی نێوانیان و یان بە پێی هەلۆمەرجی سیاسی جاربەجار پێشێلی ڕێکەوتننامەکان دەکرێن. بۆ نمونە سەرەرای هەبوونی ڕێکەوتننامە نێوان هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سوریا لەسەر ڕادەست نەکردنەوەی تاوانبارانی سەربازی، بەڵام (صلاح الدين الصباغ) کە ئەفسەری هێزی ئاسمانی عێراق بوو دوای بەشداریکردنی لە شۆڕشی مایسی 1941 و دواتر شکستی شورشەکەیان، بۆ وڵاتی سوریا هەڵات، دوای داواکردن لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە، لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە ڕادەست کرایەوە و لە عێراق دادگایی کرا و لە هەمان ساڵی ڕادەستکردنەوە واتە لەساڵی 1945 بڕیاری لەسێدارەدانی بۆی دەرچوو و لەسەری جێبەجێکرا (جنیح 1985، ٩٦).

B. *[دووەم : قەدەغەبوونی ڕادەستکردنەوەی خاوەن پارێزبەندیە جیاوازەکان :*

پارێزبەندی بریتیەلە تایبەتمەندیەک، واتە دانانی کەسانی خاوەن ئەم تایبەتمەندیە لە حاڵەتێکدا کە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە ڕێگری هەبێت لە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەریان، هێرشکردن و هەڕەشەپێکردنی و یان ئەنجامدانی هەرجۆرە کردەوەیەکی توندوتیژی لەدژی ئەو کەسانە. و ئەم جۆرەی ڕێگریکردنە لە پەلاماردان و هەڕەشە و دەستگیرکردنیان، لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی گشتی و لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بۆ نێردەی دیپلۆماسی ڕێکخراوە (بوعلام 2009/2008، ٦٥).

چەند چین و توێژێك هەن کە خاوەنی پارێزبەندین. ئەو پارێزبەندیە بەهۆی سروشتی کارەکانیان و یان پێگە و پایەی سیاسیانە و یان بە هۆی بارودۆخێکی تایبەتە . ئەم چین و توێژە هەموویان لەیەک پێگە و پایە نین و جیاوازن. بۆنمونە هەندێکیان سیاسین و یان سەربازین و یان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانن و هەندێکیان لەڕووی کەمی تەمەن و یان بارودۆخی تایبەتی خۆیانەوە پارێزبەندیان لەسەرە (عبدالمنعم 2007، ٢٤٢).

لەم توێژینەوەیەدا باسی دوو گرووپ دەکەین کە پارێزبەندیان لەسەرە کە بریتین لە کەسانی دیپلۆماسی و سەرۆکی وڵاتان کە لە ناسراوترین کەسانی خاوەن پارێزبەندین. بێگەلە ئەم دوو گرووپە، هەندێ گرووپی تریش هەن کە پارێزبەندیان لەسەرە وەك کۆیلە ڕاکردووەکان، هەرزەکاران و نەوجەوانانی کە تەمەنی یاساییان تەواو نەکردووە، ئەو نەخۆشانەی هەلگری نەخۆشیەکن کە چارەسەریەکەی لە وڵاتی داواکاردا نیە، ئەندامانی پەرلەمان وە هەروەها ئەندامانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. بەڵام ئەم گرووپانە کەمتر دێنە بەر باسکردن و هەر دوو گرووپی دیپلۆماسیەکان و سەرۆکی وڵاتان لە ناسراوترینی ئەو گرووپانەن کە پارێزبەندیان لەسەرە، بۆیە بە باسکردنی ئەو دوو گرووپە درێژە بە نووسینی توێژینەوەمان دەدەین.

1-پارێزبەندی دیپلۆماسی :

ئەو کەسانە کە پارێزبەندی دیپلۆماسیان هەیە، لەڕووی سزایی و دادوەریەوە لەو وڵاتانەی کە کاری دیپلۆماسی تیادا دەکەن پارێزراون. بەڵگەی یاسایی ئەم پارێزبەندیەش بریتیەلە ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی. ڕێکەوتننامەی ڤیینا کە لە 18ی نیسانی ساڵی 1961 واژوو کراوە تایبەتە بە پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان لە ماددەی 31/ 1 دەڵێت نوێنەری دیپلۆماسی لەو دەوڵەتەی کە تیادا وەرگیراوە خاوەنی پارێزبەندی دادوەری تاوانکاریە (الإتفاقية فيينا 1961، المادة 31 الفقرة 1). بە خۆیان و ئەندامانی خێزانەکەیان تا ئەوکاتەی بۆ کارە دیپلۆماسیەکەی لە وڵاتی دووەم دانە ئەم پارێزبەندیە دەیانگرێتەوە و بە هیچ شێوە ڕووبەڕووی هەڕەشە و گرتن و ڕاگرتن نابنەوە تەنانەت لەو ڕۆژانەش کە پشێوی فەرمیە. بێگەلە کەسەکان، ئەو بینایەش کە کۆنسوڵخانە تیادایە پارێزبەندی لەسەرە وە وەکو بەشێک لە وڵاتی نێردراو وایە تەنانەت جانتای کەسی نێردراو ناپشکێنرێت و ئەمە لە سیستەمی گشتیە و ناکرێت سەرپێچی لەو سیستەمەدا بکرێت (أبوهيف 1977، ١٦٥،١٦٤).

بەڵام سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە کە پەیوەندی بە کاری دیپلۆماسیەوە نیە و لە دەرەوەی پێگەی سیاسی ئەودایە هەروەک لە ڕێکەوتننامەی ڤییننای ساڵی 1961دا هاتووە لەکاتی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە ئەگەر پارێزبەندی زیاتری پێنەدرێت، ئەوە بەرپرسە بەرامبەر دادگای ئەو وڵاتەی تاوانی تیادا ئەنجامداوە و ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە. تەنیا لەو تاوانانەدا پارێزبەندی لەسەر دەبێت کە لە بازنەی پێگە و پایەی دیپلۆماسیەکەیدانە (الإتفاقية فيينا 1961، المادة ٣٨ الفقرة 1).

*2-پارێزبەندی سەرۆکی وڵاتان :*

سەرۆکی وڵاتان و ئەندامانی خێزانیان و ئەو کەسانەی لە گەڵیدان لەکاتی سەردانکردنیان بۆ وڵاتانی دیکە، جا سەردانەکە فەرمی بێت و یان گەشت و گوزاری بێت و یان بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی و یان هەر هۆکارێکی تری هەبێت پارێزبەندی تەواویان لەسەرە و ناکرێت ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشە و گوشار و پشکنین و گرتن و سوکایەتی و ڕادەستکردنەوە ببنەوە. تەنانەت شوێنی مانەوەشیان پارێزبەندی لەسەرە (الشامي 2007، ١٣٦، ١٣٧).

ئەگەر دیپلۆماتکارەکان و سەرۆکی وڵاتان و یان گشت ئەو کەسانەی کە لەژێر هەر ناونیشانێک پارێزبەندی دیپلۆماسیان هەیە هەڵسن بەئەنجامدانی تاوانێك کە لە پسپۆڕیەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەکانە وەکو تاوانەکانی تیرۆریستی و جەنگ و جینۆساید و تاوانەکانی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان، پارێزبەندیان لەسەر نامێنیت و لە بەرپرسیاریێتی ئەم تاوانانە ڕزگاریان نابێت. چونکە ڕێسا و یاساکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەسەر گشت تاکەکان بەبێ جیاوازی جێبەجێ دەکرێت (نظام روما 1998، المادة 27).

سێیەم : پەیوەندی نێوان پارێزبەندیەکان بە بازرگانی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرانەوە لە چوارچێوەی ڕادەستکردنی تاوانباران :

بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1936 بابەتی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان خرایەڕوو و داوا لە وڵاتانی ئەندام کرا پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بێخەنە نێو یاسا ناوخۆییەکانیانەوە. دواتر لە ڕێکەوتننامەکانی ساڵی 1961 و 1971ئەم بابەتە پەرەی سەند تاوەکو لەساڵی 1988 لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان لە ماددەی شەشەمدا لە دوازدە خاڵدا بە ووردەکاریەکی زۆرەوە تاوانی بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان خرایە ناو بازنەی سیستەمی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران (عمراوي 2017/2016، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤). سیستەمی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بۆ کارابوونی، پشت بە بیروکەی هاوکاری نێودەوڵەتی دەبەستێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و بنبڕکردنی تاوانەکان لەلایەک و ڕێگریکردن لە دەربازبوونی تاوانباران لە سزادان، کە لەدوای ئەنجامدانی تاوان بە بەزاندنی سنووری نێوان وڵاتان هەوڵی دەربازبوون لە دەست یاسا دەدەن. پێدانی پارێزبەندییە جیاوازەکانیش هەر لەسەر بنەمای ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانە. لەوانەیە سیستەمی ڕادەستکردنەوە لەکاتی جێبەجێکردنیدا ڕووبەڕووی ناکۆکی لەگەڵ پرەنسیپی پارێزبەندی ببێتەوە و بۆ دوورکەوتنەوە لەم ناکۆکیە دەوڵەتان هەڵساون بە واژووکردنی ڕێکەوتنی نوێ لە نێوانیان و پارێزبەندیان لەسەر ئەنجامدەرانی هەندێ تاوانی وەکو بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان و جینۆساید و تیروریستی و جەنگ و..هتد هەڵگرتووە.

تاوانەکانی بازرگانیکردنی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان و بەرەنگاربوونەوەی قاچاغچییەکان سەرنجی زۆربەی وڵاتانی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و چەندەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا بەستراون. بە هۆی مەترسیداربوونی باندە مافیاییەکانی مادده هۆشبەرەکان و بە هۆی کاریگەرییە نەرێنییەکان و هەروەها

ئەو زیانە گەورەیە کە ئەم بازرگانیە نایاسایە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە دەوڵەتەکان دەگەیەنێت، حکومەتەکان بە گشتی ویستی خۆیان بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانباران و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان دەربڕیوە و بۆیە زۆربەیان ئەندامن لەو ڕێکەوتنە نیودەوڵەتیانە کە بۆ نەهێشتنی بازرگانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان بەستراون. بۆیە هەر کەسێک لە هەر ئاست و پایە و پلەیەک بێت و هەڵگری هەر جۆرە پارێزبەندیەک بێت لەکاتی ئەنجامدانی هەر تاوانێکی پەیوەندیدار بە بازرگانی نارەوا بە مادده هۆشبەرەکان وەکو کڕین و فرۆشتن و چاندن و دروستکردن و گواستنەوە و...هتد، تایبەتمەندی پارێزبەندی لەدەست دەدات و لەکاتی داواکردن کە بەڵگەی سەلمێنەری لەگەڵدا بێت پێویستە ڕادەستی دەوڵەتی داواکار بکرێتەوە (الاشعل, 2003، ٣٣- ٣٦).

دەرئەنجام :

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن :

1. سیستەمی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی وەک ئامرازێکی هەماهەنگی نێودەوڵەتیە کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بۆ بەرەنگاربەنەوەی تاوانەکان بۆنیات نراوە و ئامانج لەو سیستەمە پاراستنی کۆمەڵگایە بە گشتی و پاراستنی دەوڵەتە بە تایبەتی. لەرێگەی بەدواداچوونی تاوانبارانی هەڵاتوو و دەستگیرکردنیان و ڕادەستکردنیان بە دەوڵەتی داواکار، تاوانبار بە سزایی یاسایی خۆی دەگات و هەروەها وڵاتان چیتر نابنە پەناگەیەک بۆ تاوانبارانی هەڵاتوو.

2. جیاوازی لە سروشتی یاسایی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران دەبێتە هۆی درەنگخستنی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕادەستکردنەوە. و پێویستە ڕێکاری خێراتر بدۆزرێتەوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە. هەستکردن بە مەترسی تاوانەکانی وەکو بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان پێویستە ببێتە هاندەرێک بۆ وڵاتانی دونیا کە ئاسانکاریەکی زیاتر بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران و پرەنسیپە هاوشێوەکانی بکەن.

3. ئەم سیستەمە هەڵگری دوو لایەنی جیاوازە. لەلایەک هەندێ تاوان و هەندێ کەس بەبیانوی جیاوازەوە لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە دەردەچن وەکو تاوانی سیاسی و خاوەنی پارێزبەندیەکان. و لە لایەکی دیکەوە پێداگیری لە سەپاندنی ئەم سیستەمە بەسەر هەندێ تاوان و خەڵک دا دەکات وەکو تاوانەکانی تیرۆریستی و بازرگانانی نایاسایی بە مادده هۆشبەرەکان.

4. لەم توێژینەوەیەدا بەدیارکەوت کە بۆ بەرەنگاربەنەوەی تاوانەکانی مەترسیداری وەکو بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە هاوکاری گشت وڵاتانی جیهانەوە هەیە و ئەم هاوکاریە خۆی لەبەستنی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە و پابەندبوونی وڵاتان بە مادده و بڕیارەکانی ڕێکەوتنەکە دەبینێتەوە هەروەها بەدیهێنانی سیستەمەکانی وەکو ڕادەستکردنەوەی تاوانباران کارێکی زۆر پێویستە بۆ بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی هەڵاتوو.

5. ئەم توێژینەوەیە دەرخەری ئەوەیە کە مەرجی ڕەگەزنامە لە گرنگترین مەرجەکانی جێبەجێکردنی پرەنسیپی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانە و لە کۆتاییدا ئەوە وڵاتی داوالێکراوە کە ڕۆڵی کۆتایی دەگێڕێت بۆ ڕادەستکردن و یان ڕادەستنەکردنەوەی تاوانباران تاوەکو بە گوێرەی پەیماننامە دووقۆڵی و یان چەندقۆڵیەکان ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات هەروەها ئەوەش خرایەڕوو کە زۆربەی وڵاتانی دونیا ئامادە نین هاوڵاتیانی خۆیان ڕادەستی وڵاتی دیکە بکەنەوە بۆ مەبەستی دادگاییکردنیان.

سەرچاوەکان


1- اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة الاتجار غير المشروع في المخدرات و المؤثرات العقلية 1988.

2- الاتفاقية العربية لمكافحة الإرهاب لعام 1998.

3- الإتفاقية فيينا للعلاقات الدبلوماسية لسنة 1961.

4- د. احسن بوسقيعة. 2006 الوجيز في القانون الجزائي العام. الجزائر: دارهومة.

5- السعيد عمراوي. 2016/ 2017. الاتجار غير المشروع بالمخدرات و سبل مكافحتها. الجزائر: أطروحه دكتوراه، جامعة الجزائر1 بن يوسف بن خدة، كلية الحقوق.

6- اللواء سراج الدين الروبي. 1998. انتربول و ملاحقة المجرمين. القاهرة : الدار المصرية اللبنانية.

7- الهام محمد العاقل. 1993. مبدأ عدم تسليم المجرمين في الجرائم السياسية دراسة مقارنة. مالطا: مركز دراسات العالم الاسلامي.

8- د. برهان امرالله. 2008. اللجوء السياسي في نظرية حق الملجأ في القانون الدولي. القاهرة: دار النهضة العربية.

9- د. حسنى موسى محمد رضوان. 2016. المكافحة الدولية لجرائم الاتجار غير المشروع بالمخدرات و المؤثرات العقلية. مجلة دراسات القانونية. مصر: جامعة أسيوط، هيئة النشر العلمي بكلية الحقوق، عدد 38.

10-خندق بوعلام. 2008/ 2009. تسليم المجرمين. الجزائر: رسالة ماجستير، كلية الحقوق ــ بن عكنون ــ جامعة الجزائر "بن يوسف بن خدة" .

11-زياد محمد جفال. 2019. تسليم المجرمين كأحد آليات جامعة الدول العربية لمكافحة الإرهاب و موقف المشرع الإماراتي. مجلة جامعة الشارقة للعلوم القانونية. الإمارات العربية المتحدة، أبوظبي: مجلد16، العدد 1.

12-د. سليمان عبدالمنعم. 2007 . الجوانب الاشكالية في النظام القانوني لتسليم المجرمين. الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

13-د. طارق سرور. 2006. الاختصاص الجنائي العالمى. مصر: دار النهضة العربية.

14-د. عبدالامير جنيح. 1985. تسليم المجرمين في العراق. بغداد: المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة.

15-عبدالصمد محمد خەیلانی. 2013. یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (13)سالی (1971)ی هەموارکراو. هەولێر: چاپخانەی منارە.

16-عبدالصمد محمد خەیلانی. 2014. یاسای سزاکان ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو. هەولێر: چاپخانەی منارە.

17-عبدافتاح محمد سراج. 1999. النظريه العامة لتسليم المجرمين"دراسة تحليلية تأصيلية". القاهرة: اطروحه دكتوراه، جامعة المنصورة.

18-عبدالغني محمود. 1998. المطالبة الدولية لاصلاح الضرر في قانون الدولي العام. القاهرة: دار النهضة العربية.

19-د. عبدالغنى محمود. ١٩٩١. تسليم المجرمين على أساس المعاملة بالمثل. القاهرة: دار النهضة العربية.

20-عبدالكريم صالح الاغبري. 2011. دور الشرطة في تسليم المجرمين. القاهرة : اطروحه دكتوراه، اكاديمية الشرطة.

21-د. عبداللة الاشعل. 2003. نحو قانون دولي لمكافحة الارهاب. القاهرة: مؤسسة الطوبجي للتجارة و الطباعة و النشر.

22- د. عزالدين عبدالله. ١٩٨٦. لقانون الدولي الخاص الجزء الثاني. مصر: الهيئة المصرية العامة.

23-علاءالدين شحاتة. 2000. التعاون الدولي في مجال مكافحة الجريمة. القاهرة: إيتراك للنشر والتوضيع.

24-د. على حسين الخلف. 1968. شرح قانون العقوبات الجزء الاول. بغداد: ب- ط.

25-د. على حسين الخلف و د. سلطان عبدالقادر الشاوي. ب-س. ط. المبادئ العامة في القانون العقوبات. بغداد: المكتبة القانونية.

26- على حسين الشامى. 2007. الديبلوماسية. عمان- الاردن: دار الثقافة لنشر و التوضيع.

27-د. على صادق ابوهيف. 1997. القانون الدولي العام. الإسكندرية: منشأة المعارف.

28-د. علي صادق أبوهيف. 1977. القانون الديبلوماسي. الاسكندرية: منشأة المعارف.

29-فيصل بن زحاف. ٢٠١١/2012. تسليم مرتكبي الجرائم الدولية. الجزائر: اطروحة الدكتوراه، جامعة وهران، كلية الحقوق و العلوم السياسة.

30-عماد فتاح اسماعيل. 2016. مكافحة تعاطي المخدرات بين العلاج و التجريم في القانونين العراقي و المصري. الإسكندرية: اطروحة الدكتوراه. جامعة الإسكندرية، كلية الحقوق، قسم القانون الجنائي.

31-قاسم عبدالحميد الاورفلى. 1985. استرداد المجرمين في العراق. بغداد: الثقافة القانونية.

32-قانون اصول محاكمات الجزائية. رقم (23) لسنة (1971) المعدل.

33-قانون العقوبات العراقي. رقم (111) لسنة 1969.

34-لحمر فافة. ٢٠١٣/2014. اجراءات تسليم المجرمين في التشريع الجزائري على ضوء الاتفاقيات الدولية. الجزائر: رسالة الماجستير، جامعة وهران، كلية الحقوق و العلوم السياسية.

35-محمد أحمد عبدالرحمن طه. 2010. التعريف بنظام تسليم المجرمين و تمييزه عن باقي الأنظمة المقاربة. مجلة دورية فصلية فيفري، دراسات قانونية. سودان: العدد 6.

36-محمد ريش. 2009. الحماية الجنائية لاسرى الحرب في ظل القانون الدولي الانساني. الجزائر: اطروحة الدكتوراه، جامعة الجزائر.

37-محمد عبدالله حسين العاقل. 2010. النظام القانوني الدولي للجريمة المنظمة عبر الدول دراسة نظرية- تطبيقية. القاهرة: دار النهضة العربية.

38-د. محمد فاضل. 1988. التعاون الدولي في مكافحة الاجرام. دمشق: مطبعة الداودي.

39-د. محمد فؤاد عبدالباسط. 1989. أعمال السلطة الادارية- القرار الاداري و العقد الاداري. الاسكندرية: مكتبة الهداية.

40-محمود حسن العروسي. 1951. تسليم المجرمين. مصر. القاهرة: اطروحة الدكتوراه، كلية الحقوق، جامعة الفؤاد الأول.

41-مصطفى طاهر. 2004. المواجهة التشريعية لظاهرة غسل الاموال المتحصلة عن جرائم المخدرات. الطبعة الثانية. القاهرة: مطابع الشرطة للطباعة و النشر و التوضيع.

42-النظام روما الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية. 1998.

43-هدى حامد قشقوش. 2006. الجريمة المنظمة: القواعد الموضوعية و الاجرائية و التعاون الدولي. الاسكندرية: منشأة المعارف.

44-هشام عبدالعزيز مبارك. 2006. تسليم المجرمين بين الواقع و القانون. القاهرة: دار النهضة العربية.

45-هيمان تحسين حميد. 2013. مكافحة الاتجار غير المشروع بالمخدرات في القانون الدولي و الوطني. سليمانية: اطروحة الدكتوراه، جامعة السليمانية.

**Summary:**

**This study, entitled Extradition of International Criminals as a Tool to Eliminate Drug Trafficking, is a descriptive research method, which is appropriate to the research methodology, in order to provide an accurate explanation of the causes and methods The differences between the extradition of criminals and the restrictions on the principle of extradition of international criminals and the position of the Iraqi legislature towards the principle of extradition of international criminals.**

The purpose of this study is to try to understand the meaning and concept of the principle of extradition of international criminals and also to explain the conditions necessary for the implementation of this principle by countries around the world. It is an academic attempt to understand how the Iraqi government deals with the principle of extradition of international criminals.

The principle of extradition is considered one of the most important principles in combating drug-related crimes and arresting fugitives at the domestic and international levels in order to arrest them and bring them to justice . . . .

Keywords: drug trafficking, extradition of international criminals, political and military crimes, diplomatic immunity and presidential immunity.